# زمانەوانی ئایدیۆلۆژیی و بە سیاسیکردنی وشەی کوردی

**پ.ی سەلام ناوخۆش بەکر**
**کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی**
**زانکۆی سەلاحەدین**

پوختە
زمانەوانی ئایدیۆلۆژیی تێکەڵکردنی هزری سیاسییە بە پرسی زمان . وشە لەم زمانەوانییەدا بارگاوی دەکرێ بە هزری سیاسی. کۆمەڵگای کوردی تا سەرهەڵدانی شۆرشی ئەیلول کۆمەڵگایەکی زیاتر دەرەبەگی بوو ، ئاسان جێگای هزری سیاسی بە تایبەتی هزری چەپی تێدا نەدەبۆوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دەرخستنی مەدلوکی سیاسی وشەی کوردییە . توێژەر پشت ئەستورە بە واتای تر بە تایبەتی واتای سیاسی وشەی کوردی بەوەی ئەو فەرهەنگە کوردیانەی لە شاری کوردی باشووری کوردستان بەر ڕاپەڕینی ١٩٩١ بلاوکراونەتەوە ، هەڵگری ئەو واتا سیاسیانە نەبوون ، زیاتر هەڵگری واتای فەرهەنگیی یا کەلتووریی بوونە ، چونکە لە سێبەری حوکمرانی رژێمەکان چاپکراون. بەمجۆرە فەرهەنگەکانی دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ شوناسی ئایدیۆلۆژی وشە جیا لە شوناسی سیمانتیکی دادەپۆشن(لە خۆ دەگرن).
ئەمەش هەنگاوێکە بۆ دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی کوردی.
بە سیاسیکردنی وشەی کوردی وەك لق ، ناوچە ، مەڵبەند ، کۆمیتە ، مەکۆ...فراوانترکردنی واتای وشەی کوردییە.
تێکەڵکردنی پرسی زمان بە ئایدیۆلۆژیا جۆرێك بوو لە پیادەکردنی پرانسیپەکانی حیزبی کوردی لە شاخ . ئەو هەژموونەی ئایدیۆلۆژیا لە سەر وشەی کوردی ، پرسی زمانی بە ئاقارێك دابرد کە هەندێ وشەی کوردی کۆدی خۆی هەبێت.
ئەو تێرمانە ، ئاماژە بە واتای زێدەکی یا ئەو وشانەی جگە لە واتای سیمانتیکی بارگاوی کراون بە واتای سیاسی ، بە چەندان پرۆسەی وەك (فراوانبوونی واتا) و( تەشەنەکردنی واتا) و ( تەسکبوونەوەی واتای)وشە تێپەڕیون .

دەروازە
پرسی ئامادەگی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت لە زماندا لە ئەدەبیاتی کوردیدا شتێکی نوێیە.هەردوو پرس بەرهەمی ( دەسەڵات) و (حیزبی ئایدیۆلۆژی) کوردییە.


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدەدەین ڕوناهی بخەینە سەر ئەو دوو پرسە و جەخت لە سەر ئەوە بکەین کە چەند زاراوەیەکی زمانەوانی لە پشت فۆرمەلەکردنی ئەم دیاردە سیاسیە–زمانەوانییە .

توێژینەوەکە لە سێ بەشی چەند سەرەباسی پێکهاتوون : بەشی یەکەم تایبەتە بە قسەکردن لە سەر (زمانەوانی ئایدیۆلۆژیا) و چەمکی وەك (فراوانبوونی واتا ) و (تەسککردنەوەی واتا ) و (تەشەنەکردنی واتا )...

بەشی دووەم لە هەبوونی وشەیەکی فەرهەنگیی و کەلتووریی کوردی دەکۆڵێتەوە . بەشی سێیەمیش تایبەتە بە ڕۆڵی (دەسەڵات) و ( حیزبی کوردی) لە واتای زێدەکی بەخشین بە وشەی فەرهەنگی کوردی.

.

**بەشی یەکەم**

زمانەوانی ئایدیۆلۆژی و بە سیاسیکردنی وشە

**سەرباسی یەکەم ، زمانەوانی ئایدیۆلۆژی**

چەندەها چەمکی زمانەوانی بە چەمکی ئایدیۆلۆژیا سیخناخکراون بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ئایدیۆلۆژی چەپیی (چەپڕەویی) . ئەو کۆمەڵگایانە بە زۆری کۆمەڵگای داخراون .

کاسرین ولارد١٩٩٨ ، ل٥ دەڵێن :" کە ئەو زۆر جار جێگۆرکێ لە نێوان زاراوەی" ئایدیۆلۆژیای زمانەوانی " و " ئایدیۆلۆژیای زمان " و " ئایدیۆلۆژیاکانی زمان" دەکات ، هەرچەندە جیاوازی لە نێو ئەو وشانە لە بەکارهێنان بکرێت ، وەك دەنووسێت : "

Kathryn Woolard (1998), "I use the terms `linguistic ideology,' `language ideology,' and `ideologies of language' interchangeably , although differences among them can be detected in separate traditions of use"

ئایدیۆلۆژیای زمان یا ئایدیۆلۆژیای زمانەوانی چەمکێك بوو لە هەناوی حوکمڕانی کۆمۆنیستی ، بۆیە زۆر دیراسەی لە سەر نەکراوە . (ویکیپیدیای ئەلیکترۆنی ) لە پێناسەکردنی چەمکی ئایدیۆلۆژیای زمانەوانی دا دەنووسێت " ئایدیۆلۆژیای زمانەوانی برتییە لە چەمکێك کە لە بوارەکانی وەك ئەنسرۆپۆلۆژی ، کۆ-زمانەوانی و دیراساتی فرە-کەلتوریی بەکاردێت بۆ وەصفکردنی هەر کۆمەڵە باوەڕ و هەستێك دەربارەی زمان کە لە جیهانی کۆمەڵایەتی بەکاردێن ." هەژموونی ئایدیۆلۆژیا لە پرسەکە زۆر بە زەقی دیاردەکەوێت ." ئایدیۆلۆژیای زمان هەردوو گریمانی ڕوون و نا-ڕوون پێکەوە دەدا کە خەڵك دەربارەی زمان یا زمانەکان بە گشتی هەیەتی سەبارەت بە ئەزموونی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری."

هۆزفات ٢٠٠١ لە ل٧ی کتێبی (ئەدیب و گزیری

پۆلیس) باس لە گەورەترین کێشەی ئەدەب –ئەندێشە و سیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکاندا دەکات . قسەیەکی خرۆشۆڤ لە یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەت دەگوازێتەوە : " پێویستە ئەدەب ببێتە ڕەوڕەوە و بورغی لە ئامێری مەزنی حیزبدا ."ئەو ئایدیۆلۆژیا چەپییەی کە حوکمڕانی سۆڤیەتی دەکرد ، مێژوویکی پڕ تۆقاندنی کەسی هەبوو ،



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هۆزفات لە ل١٠ دا وێنەیەكی پڕ تۆقینی حوكمڕانی سۆڤیەت دەگوازێتەوە : " تا ئێستا كەس لیستەیەكی بە ناوی ئەو نووسەرانە دانەناوە كە لە جیهانی كۆمۆنیستیدا لە سێدارە دراون كە بە پێی ڕاپۆرتە ڕەسمیەكان ژمارەیان هەزارەهایە.....هەروەها لیستی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە قەدەغەكراون زۆر درێژە...هەروەها كەسانی وەك( بلنیاكۆ) و( زوشانكۆ) و (ئیخمانۆف) و (دورنتسیڤ) و( باسترنام)..تەنها نین كە هێرشیان كراوەتە سەر ."

هزر و حوكمڕانی كۆمۆنیستی سۆڤیەتی لە نەزەر( هێربێت ماركیوز) لە ل١٣٣ ی كتێبەكەی دكتۆر قەیس هادی – الانسان المعاصر هاتووە : " هەرچەند ماركیوز سۆشیالیستی و ماركسی بوو ، بەلاّم باوەڕی وابوو كە لە حوكمرانی سۆڤیەتی شتێك نەبوو بە ناوی سۆشیالیزم و ماركسیزم ."

لە نێو كوردانیش كەسی وەك مەسعود موحەمەد ، لە چەندان كتێبی وەك (مرۆڤ و دەوروبەر) و( بیروسترۆیكا...) و( بۆ گۆرباتچۆڤ مەزن ) ئاماژەی بەوە كردووە ، كە حوكمرانی سۆڤیەتی

لە ناوەوە هەرەس دێنێت ، بەلاّم ئەو

حوكمڕانی كۆمۆنیستییە پشتئەستوور بوو بە بەرەی چەپڕەوی نووسەران ، كە كەسێكی وەك فلادیمێر مایكۆفسكی شاعیر بوو ، كە لە شیعرێك بە ناوی مەرسومێك بۆ لەشكری هونەر ، دەڵێت :

تەنیا ئەوانە كۆمۆنستی ڕاستگۆن

كە پردی پەشیمانی دەڕووخێنن....هۆزفات ،ل١٧

كامیرۆن ١٩٩٠ ، لە ل٩٣ دا دەڵێت :" زمان ئۆرگانیزمێك یا ڕەنگدانەوەیەكی پاسیڤ نییە ، بەڵكو دامودەزگایەكی كۆمەلاّیەتیە تەواو ڕووچووە لە كەلتوور ، كۆمەڵگا ، پەیوەندیە سیاسیەكان لە هەموو ئاستێكدا.ئەوەی كۆ-زمانەوان پێویستی پێیە چەمكی زمانە، كە لە ناوەند –چەق داندراوە ، نەك لە پەڕاوێز _

…A language is not an organism or a passive reflection, but a social institution, deeply implicated in culture, in society, in political relations at every level. What sociolinguistics needs is a concept of language in which this point is placed at the centre rather than on the margins.” (Cameron 1990:93)

ئەم تێگەیشتنە لە زاراوە سیاسیەكانی پارتێكی سیاسی كوردی ، لە مێژووی حیزبایەتی كوردی بۆتە دۆگمایەك كە هەر لایەك لە( شاخ) و لە ( شار) زاراوەی حیزبەكەی بەرانبەری ببوغزێنێ .

سەرباسی دووەم ، زمانەوانی ئایدیۆلۆژی لای چەپی كوردی

زمانەوانی ئایدیۆلۆژیی كۆكردنەوەی ( پرسی زمان ) و ( پرسی ئایدیۆلۆژیا )یە لە حوكمڕانی سیاسی یا ئەزموونی حیزبی . ئەم پرسە زیاتر پەیوەستە بە حوكمڕانیەتی كۆمۆنیستی ١٩١٧-١٩٩٠ .لەو ماوەیەدا ئایدیۆلۆژیای چەپی كۆنترۆلی هەموو دامودەزگاكانی دەوڵەتی سۆڤیەتی كردبوو. كتێبی " ماركسیزم و زانستی زمان " ی جۆزیف ستالین كردنەوەی بوارێكی تر بوو ، ئەویش بواری زمانەوانی ! ، لە دوای جەنگی دووەمی جیهانەوە، جۆزیف ستالین جگە لە سەرۆك وڵاتی بووە نووسەرێكی زمانەوان و خاوەن تیۆری زمانەوانی ئایدیۆلۆژی و چینایەتی لە


كۆنفرانسی ( كاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**زمان-ی داهێنا و له ناميلكەی( ماركسيزم و زانستی زمان) ئەو پرسەی تەبەقيبوونی زمان و نيمچە سەرخانبوونی زمانی خستۆتەڕوو .**

**جەودەت هۆشيار ٢٠١١ لە ل١٠٦-١٠٧دا وێنەيەكی ئەو ستالينە زمانەوانە ئەوها دەخاتەڕوو :" (نيكۆلای مار) يەكێك بوو لە لايەنگرانی سياسەتی ستالين لە بارەی قۆناغبەندی و چين–تەبەقيبوونی زمان . " ستالين سەرەتا بيری لەوە نەكردبۆوە كە بيرۆكەی (چينايەتی ) لە زماندا جێی نابێتەوە ، بۆيە وەك جەودەت هۆشيار لە ل١٠٧ دا دەنووسێت : " ستالين لە ساڵی ١٩٥٠ لە زنجيرە وتارێكی پراڤدا لە ڕاپەكانی پێشوو دەربارەی زمان پەشيمانبۆوە كە زمان دياردەيەكی تەبەقی بێت هەروەها نەڤ ئەوەی كرد زمان( سەرخان) بێت وەك كەلتوور و عادات –نەريت و قيەم و ئەخلاق ."**

**دكتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف، كە زێتر بەرهەمی مەعريفی سۆڤيەتە ، دەبوو لە كتێبی فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی كە ٣٩٨ لاپەڕەيە ئاماژەيەكی بە زمانەوانی ئايديۆلۆژيا يا ئايديۆلۆژيای زمان بكردايە ، چونكە ئەو و دكتۆر كەمال مەزهەر و دكتۆر عزەدين ودكتۆر كوردستان موكريانی ودكتۆر عەبدوڵڵا پەشێو.... لە نێو ئەو سيستەمە ئايديۆلۆژيايە ژياون بە تايبەتی دكتۆر ئەورەحمان ، بە داخەوە لە ل١٧٤ هەتا ل ١٩٠كتێبەكە ی سەرەوە تايبەتكردووە بە زمان و زمانناسی كەچی ئاماژەيەكيشی بە كێشەی ئايديۆلۆژيا لە زمان يا ڕەوشی زمانەوانی لە سيستەمی ئايديۆلۆژی نەكردووە هەروەها لە ل١٨٥ هەتا ل ١٨٧ باسی نۆ كێشەی زمانناسی گشتی كردووە ، كەچی باسی كێشەی ئايديۆلۆژيای لە زمان نەكردووە.**

**سەرباسی سێيەم ، بە سياسيكردنی وشە**

**پرۆسەی " بەسياسيكردن" دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەهەم .ويليەم كۆلينز٢٠١٢ لە فەرهەنگی ( كۆلينزی ئينگليزی) چاپی ئەليكترۆنی**

Collins English Dictionary - Complete & Unabridged 2012 Digital Edition

دەنووسێت: " پرۆسەی بە سیاسیکردن واتای تواندنەوە لە سیاسەت دێت ، ئەم بیرۆکەیەش لە ساڵی ١٨٤٦ هاتە ناو نووسین لە بەریتانیا." هەروەها مونیر بەعلەبەکی لە ل١٤٢٠ی المورد الاکبر دەنووسێت :" یەکێ لە واتاکانی " بەسیاسیکردن " بریتییە لە پێدانی ئەدگاری سیاسی بە شتێك."هەروەها لە ل٩٧٥ی فەرهەنگی ( **الاطلس الموسوعي** ) دەربارەی وشەکە هاتووە :" شتێك بکەیە سیاسی ."

قەرەداغی ٢٠٠٦ لە ل٧٢٢ی فەرهەنگی (ئازادی ) دەنووسێت :" وشەی پۆلیسایز واتای بەرگی رامیاری (سیاسی) کردنە بەرە یا لە گۆشەی رامیاریەوە باسکردن دێت."

پرسی بە سیاسیکردنی وشە لە هەناوی ئەزموونی حکومەتی ئایدیۆلۆژی (شورەوی ) سەریهەڵدا . تۆماس نێیگل ٢٠١٠ لە کتێبی ( بوونەوەر و عەقڵ) باس لەوە دەکات کە دەوڵەتی ئایدیۆلۆژی دامەزراو لە تیۆری ماتریالیزم لە ماوەی ١٩١٧-١٩٩٠ خەریکی بە سیاسیکردنی زانستیش بوو بەوەی هەتا خوێندنەوەی سیاسی بۆ فیزیکیبوونی گەردوونیش دەکرد.

بە سیاسیکردنی وشە و پەیام لە سەردەمی دەوڵەتی شورەوی دروست بوو ، وشەی وەك هاوڕێ ، حەتمیەت ، ماتریالیزم ، پرۆلیتاریا ...ئەو وشانە بوون کە لەناو حیزبی کوردی لە تەواوی سەدەی بیستەم ئامادەگیان هەبوو.



كۆنفرانسی ( كاريگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنيادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**سەرباسی چوارەم ، ناميلكەكەی ستالين لە سەر زانستی زمان**

ئەم كتێبۆكەی جۆزێف ستالين پەنجا لاپەڕەی مامناوەنديە لە لايەن مامۆستا( بژار) ناوێك لە عەرەبييەوە لە ناميلكەی( حول الماركسيە فی علم اللغە) لە (شاخ) كراوەتە كوردی هەروەها لە ساڵی ١٩٨٤ وەك بلاْوكراوەيەكی شاخ لە ئۆرگانی يەكێتی مامۆستايانی كوردستان سەر بە يەكێتی بلاْوكراوەتەوە و نرخی ٥٠٠ فلسی لە سەر دانراوە .

لەم پەنجا لاپەڕەدا ، ل١-٤ تەرخانكراوە بۆ پێشەكی وەرگێر . بژاری وەرگێر لە لاپەڕە (٤) دا دەنووسێت : " لە ڕاستيشدا ، هەندێ كەس ( ئەم ناميلكە ٤٣ لاپەڕەيە ) بە يەكێك لە نووسراوە شاكارەكانی ستالينی دادەنێ و بە فەلسەفەی زمانی لە قەڵەم دەدەن ..."

كاتێك ئايديۆلۆژيا دەبێتە دۆگما ، هەندێ نووسەر لە پاشا ، پاشاتر دەبن ، خودی

ستالين لە ل٧ی ناميلكەكە دا بە پێچەوانەی (بژار) قسە دەكات : " لە بەرئەوەی خۆم بە يەكێك لە زانايانی زمان نازانم ، ديارە ناتوانم هەر هەموو ئەو هاوڕێيانە قايل بكەم "

هەژمونی دەسەڵات و قەبوولْنەكردنی ئەويتر وا لە مرۆڤانێك دەكات هەتا چاو لە هزرمەند و فەيلەسوفانی خۆشيان نەپۆشن . ئەوەتە ستالين لە ل ٤٨-٥٠ی ناميلكەكەی

باس لە هزر و توانستی زمانەوانی ( نيكۆلای مار) ئەوها بكات :"

١. (مار )هەوڵيدا ببێتە ماركسی ، نەيتوانی !

٢.بۆچوونێكی نا-ماركسيزمی ئاخنيە زانستی زمان.

٣.سەبارەت بە سروشتی چينايەتی زمان بۆچوونێكی هەڵە و ناماركسيزمانەی تێهەڵكێشی زانستی زمان كرد.

٤.بە توندی بە گژ ڕێبازی بەراووردكاری مێژوويی دەچوو بە ميتافيزيكی لە قەڵەم دەدات .

٥.ماركس و ئەنگلز لە (مار) لەسەرخۆتربوون كە گووتويانە ماتريليزمی ديالێكتيكی بە فەلسەفەوەشەوە بە درێژايی چەن چەرخێك بەرهەمی پێشكەوتنی هەموو زانستەكان بووە."

**جەودەت هۆشيار لە ل١٠٧ لە زاری (مار) دەگوازێتەوە: ئەوە ستالين بوو ، نەك من لە ساڵی ١٩٥٠ لە زنجيرە وتارێكی (پراڤدا) لە ڕايەكانی پێشوو دەربارەی زمان پەشيمانبۆوە كە زمان دياردەيەكی تەبەقی( سروشتی چينايەتی زمان ) بێت هەروەها نەفی ئەوەی كرد زمان سەرخان بێت وەك كەلتوور و عادات – نەريت و قيەم و ئەخلاق ."**

**سەرباسی پێنجەم ، وشەكان لە ڕوانگەی زاراوە زمانەوانييەكاندا**

**لە توێژينەوەكەدا شرۆڤەی چوار گۆڕانی واتايی وشە دەكرێت . لە پرسی بە سياسيكردنی وشەی كورديدا ، ئەو چوار گۆڕانە واتاييە زێتر لە چوارچێوەی واتای سيمانتيكيين ، بە واتای هێندەی قسە لە سەر " لێكسيم " دەكەن قسە لە سەر " وشە " ناكەن.**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لێکسیم ناوێکی ترە بۆ ( وشە ) لە واتاسازیدا . لێکسیم لای کریستال ۱۹۹۳ل۱۹۹ بریتییە لە " بچووکترین یەکەی جیاکراوە لە سیستەمی سیمانتیکی زمان ، ئەو یەکەیە وەك یەکەیەکی ئەبستراکتی پێشکەشدەکرێت کە جەخت لە سەر شێوە ڕێزمانیەکانی وشە دەکات ... لێکسیم ئەو یەکانەن کە لە ڕووی عورفەوە وەك دانەیەکی سەربەخۆ لە فەرهەنگ-قامووس بە شێوەی ئەبجەدی ڕیز کراون ." دیاردەیەکی زمانەوانی لە نێو( وشە نامۆ) و (خۆییەکان)دا هەیە ، کە حیزبی کوردی ویستویەتی وشەکە بە ئاراستەی خۆی وەك شوناسێك ڕابکێشێت . خولی ۱۹۸۰ ، لە ل١١٤ باس لە دوو حاڵەت دەکات: ( وشە دروستکردن) لە وشەی زمانێکی تر هەروەها بەستنەوەی لێکسیکەلی بە واتای پێکهاتەیی وەك دەنووسێت دیاردەی بە لێکسیکیکردنی وشە بریتییە لە وشەیەك بە هی خۆکردن لە ڕێگای بەکارهێنان و وەرگرتن لە زمانێکی ترەوە هەروەها دەڵێت واتای ڕستە بە واتای وشەکانیەوە ، بەڵام واتایەکی تر هەیە لە ڕیزکردنی وشەکان و پاشکۆکان بە دەست دەکەوێت ، کەواتە واتای ڕستە لە سەر واتای وشەکان و پێکهاتەی وشەکان دروست دەبێت."

**چوار گۆڕانە واتاییەکە بریتیین لە**

**١.فراوانبوونی واتای وشە**

کرۆڤەر هەدسن ۱۹۹۹ لە ل۲۵۹دا دەنووسێت : " واتا-فراوانی بریتیە لە بەرفرەکردنی وشە یا گەورەکردنی یا درێژکردنەوەی مانای وشە." عەلی ۱۹۸۲ لە ل۹۱( فەرهەنگی زمانناسی تیۆری) دەنووسێت : "ئەوە وشەکەیە حاڵاتی فراوانبوونی واتای لێدەبێتەوە ، بۆ نموونە لە هەردوو وشەی( مرۆڤ) و( منداڵ )، وشەی یەکەم حاڵاتی زۆرتر لە خۆ دەگرێت ." هەروەها وشەی دووەم بەشێکە لە یەکەم ، بەڵام یەکەم بەشێك نییە لە دووەم . لە لایەکی دی فراوانبوونی واتا حاڵەتی میتافۆری لە خۆگرتووە ، هەدسن لە ل۲۵۹ لەوبارەیەوە دەنووسێت : " فراوانبوونی واتا وەك دارشتنێکی زیرۆیی ( سفری ) " حاڵەتە یەکەمەکانی فراوانبوونی واتا حاڵەتی میتافۆرین وەك وشەیەك یا فریزێك هەڵگری هەندێ هاوبەشی واتاییە لەگەڵ وشەی تر هەتا دەتوانێ لەبری ئەو بەکاربێت ...جا گەر ئەو واتا میتافۆرییە چەند جار لە سەر یەك بەکار هاتن ، دەبنە ئاسایی و وشەکە میتافۆری خۆی لە دەست دەدا و چیتر واتای نوێ نابەخشن و لەمەش زیاتر هەر خودی میتافۆریبوونی وشەکە بنەچەی خۆی لە دەستدەدا و لە بیردەچێتەوە.." هەدسن بۆ پشتڕاستکردنەوەی ڕایەکانی دەربارەی فراوانبوونی واتا ، چەند وشەیەك دەهێنێتەوە ، هۆلیدەی : پشوو، یەکێك لەوانەیە : وشەکە ڕۆژێکی باوی بێ کارییە ، بەشی یەکەمی وشەکە-هۆلی : پیرۆز لە پیرۆز هاتووە کە وەك شتێکی باو لەو ڕۆژە کار نییە ، ئەو وشەیە بە پرۆسەی فراوانبوونی واتا تێپەڕیوە هەتا واتای ئایینی و نا ئایینی بدات ....ل۲۵۹"

وشە - کۆنتێکست ڕۆڵیان لە سەر شوناسی لێکسیم هەیە ، بە واتای واتای لێکسیم بە تەنیا جودایە لە لێکسیمی ناو کۆنتێکستی زمانەوانی یا جیوگرافی . بۆ پاڵپشتی ئەم ڕایە زمانەوانیە ، بێرنارد کەمرێ ۲۰۰۷ لە ل۱۹ی کتێبی( زمان) باس لەوە دەکات کە واتاسازی هەر واتای لێکسیم ناگەیەنێت ، بەڵکو واتای بونیادیش لە خۆ دەگرێت . هەردوو ڕستەی ( سەگەکە پیاوەکەی گرت .) و (پیاوەکە سەگەکەی گرت.) هەمان مۆرفیمیان هەیە ، بەڵام واتاکەیان جودایە هەروەها مۆرفیمەکان دوو بونیادی جیاوازیان هەیە." سەرەڕای جیاوازی ( گرت ) لە هەردوو ڕستەکە ، ئەوا وشەکە چەند واتایەکی دی هەیە وەك _دارمێوەکە ترێی گرتووە .



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

-ئازاد سمێڵ گوگرە بووە.

ئەو هەموو واتایەی ( گرت ) لە چی هاتووە؟ دکتۆر موحەمەد مەحوی٢٠٠١ ل١٨١هەتا ٢٤٢ ی کتێبی زمان و زانستی زمانی تایبەت کردووە بە مەوداکانی واتا لە زماندا.دکتۆر فەتاح مامە ٢٠٠٧ لە ل٣ی توێژینەوەی تەسکبوونەوەی واتا لە زمانی کوردیدا دەنووسێت : فراوانبوونی واتای وشەیێك یا لێکسیمێك لایەنی مێژووەکەیانە ...چونکە تا دیاردەی فراوانبوونی واتا بەرپانەبێت ، ئەوا دیاردەی تەسکبوونەوەی واتا دروست نابێت...دکتۆر عەبدالواحید دزەیی ٢٠١١ بە هۆی چەند وشەیەکەوە لە ل٩٣-٩٤ دیاردەی فراوانبوونی واتا ڕوون دەکاتەوە :

١.دەفتەر....١٠٠ وەرقەی دۆلار، " گەلاَیەك "

٢.مێش....بۆیەکردنی پرچ

٣.نان...خواردن و بژێوی ژیان."

ئەو فرانبوونە هەر تەنیا لە بواری جڤاکی و پەیوەندییە جڤاکیەکان نییە ، بەڵکو حیزبی کوردیش واتایەکی ئایدیۆلۆژی بۆ واتای وشە کۆنەکان زیاد کردووە ، بۆ نموونە لە ماوەی نیو سەدەدا ،

حیزبی کوردی چەند واتایەکی ئایدیۆلۆژی بۆ هەر سێ وشەی (لق " مەڵبەند " مەکۆ) دارِشتووە ، بە جۆرێك واتای کۆنی وشەکان هیچ پەیوەندی بە واتای ئایدیۆلۆژی وشەکانەوە وەنییە . ئەو فراوانکردنە لە واتای کۆنی ئەو وشانە هەم دیاردەی پۆلیسێمی (وشەیەك دوو مانای نزیك و بەستراو پێکەوەی لە خۆگرتبێت ) و هایپۆنیمی ( دوو وشەی هەمان فۆرم و هەمان ڕێنووس ) لە زماندا دروست دەکات . لێرەش ئەمبیگویتی لێکسیمی دروست دەبێت.

دکتۆر موحەمەد مەعروف ٢٠١١ لە ل١٢٨ی چاپی دووەمی کتێبی زمانەوانی دا لە ل٩١ی زەبیحی دەگوازێتەوە کە وشەی –بزوێن –لە بنەڕەتدا بە واتای –لەوەرگا-هاتووە ئێستە واتاکەی فراوانتر بووە و هەموو شتێکی پێوست دەگرێتەوە.

واتای وشەی –مەکۆ-دەچێتە چوارچێوەی –بەرزبوونەوەی واتا ، چونکە دکتۆر موحەمەد لە ل١٢٩ی چاپی نوێی زمانەوانی دەنووسێت بەرزبوونەوەی واتا بریتییە لەوەی کە وشەیەك لە بنەڕەتدا بارودۆخێکی خراپی گەیاندبێت و وازی لەو واتایە کۆنە هێنابێت ، واتایەکی باشتری وەرگرتووە ، بۆ نموونە وشەی –شۆخ-کە ئێستە بە واتای –جوان –دێت ، لە قۆناغێکی پێشتردا بە واتای –بێ حەیا-بەکارهاتووە." خاڵ و هەژار موکریانی واتای تر وەك باڵابەرز –ل٢٩٢ سپیندار ل٤٧٦ بۆ وشەی( شۆخ) دادەنێن .

هەر لە ل١٢٩دا دکتۆر موحەمەد مەعروف باسی ئاستێکی دی سیمانتیکی دەکات ئەویش نزمبوونەوەی واتای وشەیە ،

-بۆرە زەلام –لە کۆندا پیاوی –بێ لایەن –بووە ، ئەمڕۆ بە واتای مرۆڤی لات و بێ پارە و بێ بەها و بێ باوەڕ دێت."

لەو هەموو ئاشکرا دەبێت کە دوو زاراوەی تر لە ناو زاراوەی فراوانبوونی واتا هەن کە یەکیان پۆزەتیڤە ناسراوە بە بەرزکردنەوەی واتا ، ئەویتریشیان نێگەتیڤە بریتیە لە نزمکردنەوەی واتا .

دکتۆر ڕەفیق شوانی ٢٠٠١ لە دوو لێکۆڵینەوەی پەیوەست بە یەك لە ل٤٧ ی کتێبی( چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمان) باسی هۆکارەکانی فراوانبوونی لێکسیم دەکات : " وەك هۆی کۆمەڵایەتی و شارستانێتیی نەتەوە و لایەنە جۆربەجۆرەکانی ئەم شارستانیەتە، هۆی کاریگەری ئەدەبیات و پێشکەوتنی ڕۆشنبیری ، کارتێکردنی زمانێك بە سەر زمانێکی تر ، هۆی زمانەوانی ، هۆی ئابووری ، هۆی ڕامیاری..."


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٢.تەشەنەکردنی واتا**

**تەشەنەکردنی واتای لێکسیم زۆر نزیکە لە فراوانبوونی واتا .**

**دیارکردنی فراوانبوونی واتای وشە پرسێکی زمانەوانی ئەوتۆیە بە جۆرێك وەك دیاردەیەکی زمانەوانی سەرتاپاگیرییە ( یونیڤێرسل )، کە هیچ زمانێك لێی بەدەر نییە. دکتۆر فەتاح مامە لە ئەحمەد موختار و مەنقور عەبدالجەلیل دەگوازێتەوە کە تەشەنەکردنی واتا بریتیە " لە ماوەی بەکارهێنانی وشە لە باری جارانی فراوانتربێت ." یا " وشەیەك واتایەکی تەسك یا تایبەتی هەبێت پاشان ئەم واتایە ببێتە واتایەکی گشتی و فراوان ..."**

**تێڕوانینی زمانەوانی وەك دکتۆر فەتاح بۆ وشەکە بریتیە لە " چالاکی وشە و مۆرفیم و دەربڕین دەگرێتەوە کە سنووری واتایان فراوان دەبێت و سەرباری واتای خۆیان بە شێوەیەکی ئاسۆیی و ستوونی واتای تریش دەگرنە خۆ."**

**تەشەنەکردنی واتا بە شێوەی لێکدراوی : تەشەنە +کردن دێت . دکتۆر فەتاح مامە لە ل٨-١٢ باس لە هەشت جۆری تەشەنەکردن دەکات:**

**١.پۆلواتا ، پۆلیسێمی : تۆز وبا : ئۆتۆمبیلی دزراو**

**٢.دژیەك -ئەنتۆنیمی : لەبڕانە**

**٣.وەرگرتن —لۆون وێردز : فەرهەنگ : قامووس : ڕۆشنبیری**

**٤.زیندووکردنەوە :شەقڵ : سیما :مۆرك**

**٥.ئیدیۆم : کونەبا : درۆزن**

**٦.زێدەڕۆیی لە ئاخاوتندا : سەدجارم پێ وتی**

**٧.تەوس —ئایرەنی : جوانە**

**٨.هێماکاری واتای فەرهەنگی بۆ واتای هێماکاری : داربەڕوو : هێمایە بۆ کورد"**

**زۆر وشەی کوردی لە پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغی دەرەبەگی بۆ سەرمایەداری یا لە قۆناغی پێشمەرگایەتی ( ڕزگاری نیشتیمانی ) بۆ حوکمداری ، تووشی پرۆسەی تەشەنەکردن بوونە ، بۆ نموونە وشەی ( کەڵەشاخ ، شاخ ) تەشەنەکردووە بۆ ( ڕوون ) و( قۆچ ) هەروەها وشەی ( ڕەوەند )ی شاخ تەشەنەیکردووە بۆ ( ڕەوەند —جالیە ). لە کەلتووری گوندا وشەی ( تان و پۆ ) جاران لە بواری( تەونکاری و جۆڵە و ڕایەڵە ) بەکار دەهات ، وشەکە واتاکەی تەشەنەی کردووە بواری( بیرکاری) و ( ئەدەبناسی) گرتۆتەتەوە لە کەلتووری شار ، چیرۆك ، نۆڤلێت ، ڕۆمان ، بۆتە ( گرێ) ( گرێچنە) لە بریتی (پلۆت)ی ئینگلیزی .**

**موحەمەد عەلی خولی ١٩٨٠ لە ل٣١٠ تەشەنەکردنی واتا جگە لە واتای ڕەسەنی خۆی واتای تریش دەگەیەنێت هەروەها ئەو تەشەنەکردنە واتای گۆڕینی فۆرمی دەدات.**

**٣.تەسکبوونەوەی واتای وشە**

**پرۆسەی نەڕۆوینگ ، تەسککردنی واتا ، پێچەوانەی پرۆسەی فراوانبوونی واتایە — هەدسن ، ل٢٦٠ . هەرچی موحەمەد عەلیە ١٩٨٠ ، ل١٧٩ ئەدگارێکی تر بۆ تەسکبوونەوەی مانا زیاد دەکات و دەنووسێت : " ناڕۆوینگ بریتیە**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە تەسککردنەوە کە نەهێڵێت وشەکە لە مانای ڕەسەنی خۆی فراوانتر بێت."حاڵەتی وشە و کۆنتێکستی وشە سەنگی مەکی واتای تەسکی وشەیە ، بۆ نموونە موحەمەد عەلی لە
ل١٣٤دا دەنووسێت :" پرۆسەی تەسکبوونەوەی واتا خۆی قسەکردنە لە چەند ئەدگارێك،کە حاڵەتی وشەکە دیاریدەکەن هەروەها لە ل٧-٨ تەسکبوونەوەی واتا بە واتای عاتیفی یا ویژدانی دەبەستێتەوە ، بۆ نموونە( ڕقلێبوونەوە) لە کەسێك یا بیرۆکەیەك لەوانەیە لای کەسێکی تر واتای پیرۆزی و خۆشەویستی و ڕێز بگەیەنێت ."
هەدسن چەند وشەیەك لە ل٢٦٠ لە زمانی ئینگلیزی دەهێنێتەوە : باند بریتیە لە کەسانی ژەنیار یا موسیك ژەن . واتای پێشووی وشەکە فراوانتر بوو لە واتای ئێستا : گروپێك لە یاسا دەرچووان ، هەردوو واتای عەصابە و لە یاسادەرچوو دەگەیەنێت ، بەمجۆرە واتای کۆن و مردوون ، کەچی واتای تەسکی وشەکە بۆتە تیمی ئاهەنگ یا ژەنیاران ، وشەی دووەم بریتیە لە بیلدینگ :تەلار ، خانووبەرە ، واتای پێشووی وشەکە فراوانتر بوو ، وشەکە تەسککراوەتەوە بۆ ئەوەی تەنیا بەرهەمێکی تایبەت بگەیەنێت شورا و سەد و تاوەر لە خۆنەگرێت ، بەڵکو تەنیا خانووی سەرداپۆشراو لە خۆ بگرێت !!
موحەمەد مەعروف ١٩٩٠ لە ل١٢٣ دەربارەی تەسککردنەوەی واتا لە وشەی کوردی دەنووسێت : "لێرەدا وشەیەك واز لە واتا گشتیەکەی خۆی دێنی و پسپۆری لە واتایەکی تەسکتر پەیدا دەکات . لەوانەیە وشەکە هەردوو واتاکە بپارێزی."
بە پێی فەرهەنگە کوردیەکانی وەك( خاڵ) و (کوردستان ) و( هەنبانەبۆرینە) و( شێخانی) واتای فراوانی –نان- تەسکبۆتەوە تەنیا بۆ کولێرە . دکتۆر عبدالواحید دزەیی ٢٠١١ لە ل٩٤-٩٥ی لێکسیکۆلۆجی دەنووسێت تەسکبوونەوەی واتا سنوورێکی بچووکی گۆڕانکاری واتا داگیردەکات و گۆڕانکاری واتاش دەچێتە سنووری ئیتیمۆلۆجیەوە."
لە لایەکی چەند لێکسیمێك لە زمانی کوردی دا کە لەگەڵ وشەی لێکدەرێن واتای سیاسی دەدەن بە دەستەوە ، بۆ نموونە هەریەك لە وشەی ئاگر –باران ، تۆپ –باران ، شەڕ –تفەنگ بە تەنیا واتایەك دەبەخشن ، بەڵام پێکەوە واتایەکی سەربازی دەبەخشن :
ئاگر باران، تۆپباران، شەڕە تفەنگ ...

٤.گواستنەوەی واتا

واتا گواستنەوە پرۆسەیەکی جڤاکی و میتافۆرییە . موحەمەد عەلی ١٩٨٠ لە ل٢٩٠دا دەربارەی ڕەوشە زمانەوانیەکە دەنووسێت:" وشەکە-وشە کۆنەکە –واتایەکی میتافۆری ،کە جیایە لە واتای ڕەسەنی خۆی بە دەست دێنێ ." هەروەها ئەو واتایە بە واتای مەجازی –فیگەرەتیفیش دێت .
زۆر وشە هەن دووچاری واتا گواستنەوە بوون ، لەوانە
مۆنیکا(ناوی سکرتێریکی کیلینتن ) لە ناوی کەسێکەوە بۆتە ناوی ئۆتۆمبیلێك،
وەنەوشە(ناوی ئەکتەرێکی کورد ) بۆتە ناوی ئۆتۆمبیلێك،
پرتەقاڵە (ناوی گۆرانیەکی عەرەبی ) بۆتە ناو بۆ کچێکی خرپن.
مەلا مستەفا بارزانی ...مەلایی ...پارتیبوون .


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**مام جەلال ...جەلالی .....یەکێتیبوون .**

**ئەو چوار گۆڕانە واتاییە لە هەناوی( وشە ڕۆنان) پەیدابوون .**

**وشەڕۆنان بریتیە لە شەکڵی دەنگ و نووسراوی وشە –موحەمەد عەلی خولی، ل٣١٠-٣١١.**

**وشەڕۆنان ڕێگایەکە بۆ دەوڵەمەندکردنی وشەکانی زمان بە تایبەتی ئەو وشانەی تاکەکانی نەتەوە لە قۆناغێکی کۆمەڵایەتیەوە بۆ قۆناغێکی تر هەنگاو دەنێن یا لە قۆناغێکی نیمچە –خێڵەکی و دەرەبەگایەتی بۆ قۆناغێکی شاریی و نیمچە سەرمایەداری و حوکمڕانی دەچن .**

**ئەو وشە دروستکردنە هەندێ جار لەگەڵ گۆڕانی سیمانتیکی تێکەڵ یەکتر دەکرێن : جیاوازی گۆڕانی سیمانتیکی زیاتر نزیکە لە تەشەنەکردن و فراوانکردنی واتا ، چونکە خۆی واتای گۆڕان لە واتای وشەیەکدا دەگەیەنێت . جیاوازی ئەو دووە لای نەوەی یەکێ لە کارە دژوارەکانە ، چونکە وەرگرتنی واتای نوێ لە وشەیەکی کۆن لایان وایە وشەیەکی تازەیە لە وشە و فۆڕمێکی داتاشراوە وەك ڕەوەند –جالیە لە ڕەوەند –کۆچەری کوێستان و گەرمیان .**

**لەلایەکی تر وشەڕۆنان لەگەڵ دەستەواژەی ئیدیۆمی تێکەڵ یەك دەکرێن : ئەوەی دەربارەی ئیدیۆم زانراوە ، ئیدیۆم خۆی دوو جۆری هەیە ، یەکەم ، فرۆزن –بەستەڵکی کە هەردوو وشەکە شەق ناکرێن و قەبووڵی وشەی دی ناکەن . دووەم ، فلێکسیبل –قەبووڵی وشەی تر دەکەن . ڕۆنانی وشە و ڕۆنانی ئیدیەم لەوەدا لە یەك دەچن هەردووك قسە لە سەر لکاندن و تێکەڵاوکردنی وشە دەکەن ، بەڵام لەوەدا جیاوازن کە دەستەواژەی ئیدیۆمی واتای تایبەتی هەیە کە واتای دوورە لە واتای دوو فۆڕمە جیاوازەکە هەرچی پرۆسەی وشەڕۆنانە واتای وشە زیاتر لە فۆڕمەکانەوە .**

**لە پرسی جۆرەکانی وشەڕۆناندا ، کۆمەڵگەلێك ڕێگا هەن ( بڕوانە ستاگەبێرگ ١٩٨١، جۆهن سکلێر ١٩٨٥ ، کەریمی ٢٠٠٥ ) تەنیا ئاماژە بەو جۆرانە دەکەین کە پەیوەستن بە ناونیشان و سنووربەندی توێژینەوەکە :**

**یەکەم ، دارشتنی وشە**

**ئەم پرۆسەیە بۆ دروستکردنی وشەی نوێ کار لە سەر پێشگر و پاشگر و ناوگر دەکات ، بۆیە زۆرجار بە ناوی زمانەوانی دارشتن ئاماژەی پێدەکرێت .**

**لە فەرهەنگەکەی تراس و کریستال و ماسیۆس دەربارەی ئەم پرۆسە زمانەوانیە هاتووە : " وشەی نوێ لە وشە+پاشگر یا پێشگر+وشە ... لە زمانی ئینگلیزیدا دوو سێ پاشگر بە دوای یەك دێن ، بەڵام بە حوکمی ئەوەی زمانی کوردی لە زمانە لکاوەکان –ئەگلونەتیف –ە ، ئەوا " وشەکە لەگەڵ پاشگرەکان لە پەیوەندیەکی یەك بە یەکی دایە ."**

**دووەم ، گۆڕانی ئەرکی یا زیرۆ-دارشتن**

**لە نەزەر گرۆڤەر هەدسن ١٩٩٩ لە ل٢٥٧ ی (ئیسێنشیەل ئینترۆدەکتری لینگویستیکس) ئەم پرۆسەیە پێیدەگوترێت " زیرۆ-دارشتن " هەروەها زیرۆ-دارشتن بەشەکانی ئاخاوتنیش دەگرێتەوە بە کاریگەری کۆنتێکست هەمان وشە دەکاتە فرمان دەکاتە ناو ، ناویش دەکاتە فرمان..**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

پرۆسەکە لە کوردی تەنیا گۆڕینی چەند پیتێکی بە خۆوە نەبینیوە ، بەڵکو بە هۆی کۆنتێکستی زمانەوانیەوە ، " واتای زێدە و واتای شاراوە و واتای دەلالی " بە وشەکە بەخشیوە.

سەرەڕای ئامادەنەبوونی پاشگر\پێشگر لە پرۆسەی وشەی نوێدا ، ئەوا وشە نوێیەکە هەمان فۆڕمی وشە کۆنەکەی هەیە ، تەنیا لە بەشەکانی ئاخاوتن و واتا لە یەکجیاوازن . بۆ نموونە زۆربەی ڕەنگەکان جگە لە ڕەنگ نواندن ، زۆر واتای دی دەبەخشن .عەبدولوەهاب شێخانی ٢٠١٣ لە ل٤٥-٤٩ی فەرهەنگی ڕەنگ باس لە چەند ڕەنگێك دەکات کە هەڵگری واتای ترن ، لەوانە

١.ڕەنگ زەردبوون : نەخۆشبوون و غەم پێدانی زۆر و ترس

٢.ڕەنگی سپی بوو : ترسا

٣.ڕەنگی سوور و سپی : ڕەنگی خۆشە نەخۆش نییە

٤.شین و مۆر بووە : زۆر توڕە بووە..."

ناوخۆش ١٩٩٥ لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بە سێ ڕەنگی (زەرد و سەوز و سوور) واتای سیاسی دەدەن :

-زەرد : پارتیبوون،

-سەوز : یەکیتیبوون،

سوور : شیوعیبوون ." ئەمڕۆ لێکسیمی (مۆر)یش بۆتە هێما بۆ (بزوتنەوەی گۆڕان).

لەناو پرۆسەی ئاوێتەبووندا ، پرۆسەیەکی تر هەیە بەناوی ئەکرۆنۆمی . ستاگەبێرگ ١٩٨١، ل١٢٣ ، کریستال ١٩٩٣ ، ل٢٥ ئاوا پێناسەی ئەکرۆنۆمی دەکەن : " ئەکرۆنۆمی پرۆسەیەکی ڕۆنانی وشەیە کە وشەیەکی نوێ لە پیتی سەرەتای وشەکان دروست دەبێت ."

سەبارەت بە کوردی باشوور ، دیاردەی ئەکرۆنۆمی لە (شاخ ) بە پرۆسەیەکی تابۆیی دەهات ، چونکە واتایەکی میتافۆڕی هەبوو :( ی . ن.ك) هەر بە واتای ( یەکێتی نیشتمانیی کوردستان ) نەدەهات هەروەها ( پ.د.ك) هەر بە واتای ( پارتی دیموکراتی کوردستان) نەدەهات بەڵکو ئەویش واتای زێدەکی بۆ دروست کرابوو ، بەڵام لای کوردی باکوور و ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا دیاردەی ئەکرۆنۆمی ئاساییە و هیچ واتایەکی زێدەی نییە : وەك پەکەکە ، حدك ، حدکا، هەدەپە ، پەیەدە ، یەپەگە ، پژاك.........

سێیەم .نیۆلۆگیزم –دروستککردنی وشەی نوێ

دەیڤید کریستال ١٩٩٢ لە پێناسەی ئەم زاراوەیە دەنووسێت : " بریتیە لە دروستکردنی وشەیەکی تەواو نوو . ستاگەبێرگ ١٩٨١ ، ل١٢١ بەو پرۆسەیە دەڵێت : " داهێنانی وشەی نوێ ، بۆ زمانی ئینگلیزی ئەم وشانە لە پەنجاکان وشەی وەك ئەوانە تەواو نوێ بوون ، بەڵام ئێستا بوونە تە وشەی باو ."



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**موحەمەد خولی ١٩٨٠ لە ل ٦ دا دەڵێت : " زاراوەی نیۆلۆگی هەر تەنیا واتای وشەی نوێ نادات ، بەڵکو بریتیشە لە بەکارهێنانی وشەی کۆن بە واتای نوێ ."**

**چوارەم ، ئەنتۆماسیا**

**دیاردەی ئەنتۆماسیاش شێوازێکی ترە لە دروستکردنی وشەی نوێدا . لە نەزەر خولی ، ل٨ ئەمە بە دوو شێوە دروست دەبێت :**

**١، ئاوەڵناوێك کە واتای ناو بدات " لە کوردیدا لێکسیمی حەفید ، شەهیدی جوانەمەرگ ، نەمر ئاوەڵناون بۆ ناوی شێخ مەحموود و ئیدریس بارزانی و مەلا مستەفا.**

**٢.بەکارهێنانی ناوی کەسێك وەك ناوی گشتی . لە زەنگینی دەسەلاتی کوردیدا ناوی –وەنەوشە وەك ناوی ئۆتۆمبیلێك بەکاردێت .**

**ستاگەبێرگ لە ل١٢٧ دەنووسێت ئەم پرۆسەیە تەنها بۆ دروستکردنی ناوی گشتییە لە ناو و کردار و ئاوەڵناو ." بۆ نموونە**

**شەڕی بەر دەرگای سەرا ، ئەیلولی ڕەش ، شۆرشی ١١ی ئەیلول و ١٧ی شوبات لە گردبوونەوە لە بەردەرکی سەرا گۆرەپانی ئازادی و ١٧ی شوبات ، بوونەتە ناوی گشتی لە یادەوەری تاکی کورد. هەروەها**

**ناوی مارکس و لینینن و ماو و گرامشی و گیڤارا .... هێمایە بۆ کۆمۆنیستیبوون یا ناوی چاك و مەرقەدەکانی کوردستان وەك شێرە سوار .... هێمایە بۆ ناوێك. ئەم ناوە گشتیانە ئێستا بوونەتە وشە و فرێزی باو لە زمانی کوردیدا .**

بەشی دووەم

واتای فەرهەنگیی لێکسیمە بە سیاسیکراوەکان

**کە دەڵێین " وشەکانی حیزبی کوردی " ، مەبەستی تایبەتی خۆمان هەیە : ئەو وشانە پێشتر بەو مانایانە لە فەرهەنگ و کەلتووری کوردی حزووریان نەبوو ، بەڵکو واتای تریان هەبوو ، بۆ نموونە وشەی " لق ، مەڵبەند ، مەکۆ ...." هەرگیز پێش دامەزراندنی پارتی و یەکێتی و گۆڕان بەو واتا سیاسیانە بوونیان نەبوو ، ئەو بە سیاسیکردنەی وشەی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردەواری هاوکاتە بە شۆڕشی میللی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ و شۆڕشی نوێ ١٩٧٦-١٩٨٨ و جیابوونەوەی گۆڕان لە یەکێتی ٢٠٠٧**

**و بەشداریکردنی لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٩...هتد.**

**فەرهەنگەکانی پێش ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١**

**زۆربەی شۆڕشی کوردی لە (شاخ ) و (گوند)ە دوورە دەستەکان بووە. فەرهەنگی کوردیش لە (شار)بووە.ئەو دوو کۆنتێکستە جیوگرافییە وشەی خۆیان دەبێت. چەندان وشەی (پارتی ) و (یەکێتی ) و ( گۆڕان) بەر لە شۆڕش و جیابوونەوە ، واتای تریان هەبووە کە دوور بووە لە واتای سیاسی یا حیزبی . ئەو فەرهەنگانەی بەر لە حکومەتی هەرێم دەرچوونە ، هەڵگری واتای کەلتووریی و فەرهەنگیین نەك سیاسی ، ئەمەش لە خۆڕا نەبووە چونکە ئەو فەرهەنگانە لە شار ژێر دەسەڵاتی داگیرکەران بوونە :**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**١.وشەی ( لق )**

بەر لە چاپکردنی فەرهەنگەکان ، دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە ل٣٢ ی کتێبی( وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا ) دەڵێت : لق پەیوەست بووە بە درەخت وەك درەخت و لقی درەخت ..." موحەمەدی خاڵ لە ل٤٢٠( فەرهەنگی خاڵ)دا دەربارەی وشەی( لق) دەنووسێت:" چڵی درەخت ، لق شتی چڵ چڵ."گیو موکریانی لە ل٨٣٨ ی( فەرهەنگی کوردستان) لەم بارەیەوە دەنووسێت : " لق بریتیە لە کەل ، کولییڤ ، لك ، لخ ، لاغ ، چقل ." دکتۆر جەمال نەبەز لە( وشەنامەکی) ئاماژە بە وشەکە ناکات ، بەلاّم لە ل١٠٩ ئاماژە بە وشەی دار هەروەها درەخت دەکات.

هەردوو فەرهەنگی خاڵ و کوردستان ئاماژە بە واتای سیاسی وشەکە نەکراوە ، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەردوو فەرهەنگەکە لە شار چاپکراون ، جا چۆن وشەی (ڕژێم) لە شار قەدەخە بووە بە هەمان شێوەش واتای سیاسی وشەی ( لق ) قەدەخە بووە لە دامودەزگای میری .

**٢.مەڵبەند**

واتای کەلتووریی وشەکە جیایە لە واتا سیاسیەکە . خاڵ ٢٠٠٥ لە ل٤٥٨ی چاپی دووەمی فەرهەنگەکەی دەنووسێت :" وشەی (مەڵبەند) بە فۆرمی( مەڵبەن-یش) دێ واتای( ناوچە) دەگەیەنێت . گیو موکریانی لە ل٨٥٤ی فەرهەنگی کوردستان دەنووسێت : "مەڵبەند بە فۆرمی( مەڵوەن ) و( مەڵوەند) دێت و واتای( نیشتیمان) دەبەخشێت. هەژار موکریانی٢٠٠١ لە ل٨٣٢ی فەرهەنگی(هەنبانەبۆرینە) دەبێژێت :"مەڵبەند بە مەڵبەن یش دێت واتای ١.سەرزەمینی جێگەی ژیان ٢.کان ، جان ، مەعدەن دەدات."

دکتۆر شەفیق شارەزووری ٢٠٠٠لە ل٥٣٢ی فەرهەنگی شارەزووردەنووسێت : وشەی (مەڵبەند) بە( ماڵبەند)دێت بە واتای شوێنی وەستانی کۆچ ، ڕێگای کاروانچی ، زەوی ، ولاّت ، شانۆ ، ماڵ ، ناوەند دێت."

صەدیق بۆرەکەیی ١٣٨٤ لە ل٨٨٦ ی کتێبی ( مێژووی وێژەی کوردی ) مەڵبەند بە واتای نیشتیمان یا ئیمپراتۆریەت دەزانی هەروەك لە شیعرێك دەربارەی (پووران شای کچی خەسرەو ) دەڵێت :

کەنیشکێك هەبوو بە ناوی پووران ئەویش مەڵبەندی چەند ڕۆژ( هەڵسووڕان)
پووران دۆخت کچی خەسرەو پەروێز بوو لە لای گشت کەسێ ,ژنێبەڕێزبوو

**٣.مەکۆ**

وشەی ( مەکۆ ) وشەیەکی فەرهەنگی گوندیاتییە ، بزووتنەوەی گۆڕان بۆیەکی شاری بە بەرداکردووە . لەم پرۆسە زمانەوانیەدا، لە نزیکردنەوەی وشەی گوندی بۆ واتای شاریی،هەر تەنیا واتا نوێیەکە بڕیار لە سەر چارەنووسی نادات ، بەڵکو قەبووڵی کۆمەڵگاش دەورێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە ساغکردنەوەی واتا نوێیەکە.

بۆ تاوتوێکردنەوەی واتای کۆنی وشەکە هانا دەبەینەوە بەر سێ قامووسی کوردی –کوردی: فەرهەنگی خاڵ ، فەرهەنگی کوردستان ، فەرهەنگی ....

**١.فەرهەنگی خاڵ**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

شێخ موحەمەدی خاڵ لە ل٤٣٥ ی چاپی دووەمی فەرهەنگەکەیدا دەربارەی وشەی (مەکۆ) دوو واتا یا شرۆڤە دەنووسێت : یەکەم ، مەکۆ شتێکی سەر و قنگ باریکە جۆلا لوولەی تێ دەخا و جۆلایی پێ دەکا .
دووەم ، مەکۆ پەنایەکە دز و جەردە خۆی تێدا حەشار بدا ."
گیو موکریانی پێش فەرهەنگی کوردستان فەرهەنگی تری هەبووە لەوانە فەرهەنگی مهاباد ، فەرهەنگی نۆبەرە ....، بەڵام فەرهەنگی کۆکەرەوەی زۆربەی وشەکانی فەرهەنگەکانی ترە ، هەربۆیە قسە لە سەر فەرهەنگی کوردستان دەکەین.

٢.فەرهەنگی کوردستان

گیو موکریانی

دەزگای ئاراس لە ساڵی ١٩٩٩ چاپی یەکەمی فەرهەنگی کوردستانی کرد ، گیو ئەم فەرهەنگەی لە ساڵی ١٩٦١ تەواو کردووە ، نە لە ١٩٦١ و نە ١٩٧٧ ئەو فەرهەنگە ڕووناکی نەبینیووە هەتا لە ١٩٩٩ چاپکرا.
فەرهەنگی کوردستان لە ل٨٥٣ دەربارەی وشەی ( مەکۆ ) دەنووسێت : " کەمیین ، هەشارگە ، شاردنەوە ، جێگای دزان خۆیان یا چتەکانیان تێدا دەشارنەوە " مرازێکە لە کەرەستەی جۆلایی ، مەکۆك ، مکۆك . مەکۆك خۆیشی مرازێکی جۆلاییە ."
چ حەشارگە چ جۆلایی زیاتر وشەی کۆمەڵگای دەرەبەگی و کشتوکاڵین. بزووتنەوەی گۆڕان واتای یەکەمی ( مەکۆ )ی هەڵبژاردووە و ڕیفۆرمێکی بارگاویکردنی وشە بە ئایدیۆلۆژیای سیاسی کردووە !!

٣.وشەنامەی جەمال نەبەز

دکتۆر جەمال نەبەز لە ل٤٧-٤٩ باسی ئەوە دەکات کە لە کەیەوە خەریکی ساخکردنەوەی وشەی کوردی بووە ، خۆی لە ل٤٧ چیرۆکی ئەو خۆخەریککردنە بە وشەی دەگێڕێتەوە : " بە داخەوە ، هەر وشەیەکم ساخ بکردایەوە ، تۆمارمنەدەکرد لە دەفتەرێکدا بۆ پاراستنیان ، تا لەم ساڵانەی دواییدا ، جار وبار ، کە وشەیەك بهاتایە بە خەیاڵمدا و ، ڕەگەکەیم بۆ دەربهێنرایە ، لە سەر پارچە کاخەزێك دەمنووسی و هەڵمدەگرت ." ئەو وشەنامەیەی دکتۆر جەمال نەبەز هەر وشەنامەیەکی ئەلیکترۆنییە و هێشتا چاپنەکراوە .

دکتۆر جەمال نەبەز لە ل٢٢٠ی وشە نامەکی دا باوەڕی وایە لە ڕووی ئیتمۆلۆژیای وشەی کوردیەوە ، وشەی ( مەکۆ ) لە ( مەکۆك ) هاتووە ، مەکۆکیش لە مەقاش هاتووە ." لە شرۆڤەکردنی هەردوو وشە ، مەکۆك و مەقاش ، دوو واتای جیاواز لای هەر دکتۆر جەمال نەبەز لە ل٢٢١-٢٢٢ خۆ بە دەستەوە دەدەن ، لە ل٢٢١ دەربارەی مەکۆك دەنووسێت " ئامێرێکە جۆلا بەکاریدەهێنێ بۆ ڕستن ، واتە ڕێکخستنی جلك ، ( مەکارە )ش ئامێرێکە دارتاش بۆ تاشینی دار بەکاریدەهێنێ ." لە ل٢٢٢ لە شرۆڤەی وشەی مەقاش دا دەگاتە ئەو ئاکامە کە وشەکە واتای " هۆی کێشکردن" دەدا !.!
ئەو دوو واتا جودایە جێگای پرسیارە.



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**٤.هەڵسوڕاو**

**ئەم وشە داڕێژراوە لە قاووسە کوردیەکانی خاڵ و کوردستان نییە .پێشگری (هەڵ-) لە ل٩١٥ی فەرهەنگی کوردستان لای گیو واپێناسەکراوە : " بەرز ، بڵند ، هوا (ببەلاَن بە تەنێ بەکار نابرێ، -گرتن ،هەلاوێژتن ، (رۆژ ) هەڵەشە ، خۆپەسندکار ."**

**هەر گیو لە ل٩٢٢دا جیاوازی لە نێوان (-نەر ) و (-نراو ) وەك پاشگری بکەری و بەرکاری مۆرفیم قسەی لە سەر دەکات ، بۆ نموونە هەڵنەر : هەڵنێر ، باسکەر ، خۆهەڵنەر ، شێوە بەرکاریەکەی بریتییە لە هەڵنراو : باسکراو ، پەسن کراو .**

**ڕاستە وشەی (هەڵسوڕاو ) لە فەرهەنگی کوردستان نییە ، بەلاَن چاوگی هەڵسووران هەیە و ئەم مانایانەی لە خۆ گرتووە : " سووڕان ، پێك هاتن ، ڕێك خران ، ڕێك کەوتن ، سازبوون ... " صەدیق بۆرەکەیی ١٣٨٤ لە ل٨٨٦ وشەی (هەڵسوڕاو ) بە فۆرمی ( هەڵسووڕان) بە واتای بەڕێوەبردن بەکاردەهێنێت :**

**:**

**کەنیشکێك هەبوو بە ناوی پووران ئەویش مەڵبەندی چەند رۆژ( هەڵسووڕان)**

**پووران دۆخت کچی خەسرەو پەروێز بوو لە لای گشت کەسێ، ژنێبەڕێزبوو**

**بەشی سێیەم**

**واتای سیاسی لێکسیمە کوردییەکان**

**سەرباسی یەکەم ، وشەی سەربازی ناو حوکمرانی کوردی**

لە دەسپێکدا ئامادەگی ( لێکسیمی سیاسی) بە فۆرمی( سەربازی) بەستراوەتەوە ، ئەویش بە حوکمرانی کوردیەوە ، بۆ نموونە( نالی) شاعیر لە بەرایی ئەو شاعیرە کوردانە دێت ،کە چەندەها وشەی سەربازی وەك ڕەفیق ، مەزلۆم ، ولاَت ، سەرکردە ، لەشکری ، سوپا بە بۆیەی سیاسی لە شیعرەکانی دا تەوزیف کردووە. ئەو وشانە تایبەت بوونە بە حوکمرانی کوردی ، لە شیعرێکدا ، دەڵێت :

ڕەفیقان من ئەوا ڕۆییم لە لاتان لە مەزلۆومان بلا چۆڵ بێ ولاَتان ل٣١٧

هەروەها لە شیعرێکی تر دەڵێت:

منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم دەترسم من بڕۆم بشکێ سوپاتان

مەڵێن کەڵکی نەبوو ، ڕۆیی جەهەننەم سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان\ل٣١٨

د.ئیبراهیم شوان ٢٠١٢ لە ل٣١٣ی کتێبی( ئەدەبی کۆنی کوردی)، دەنووسێت :" کە نالی ئەم شیعرەی نووسیوە هێشتا میرنشینی بابان ماوە و دەسەلاَتدار بووە."

لە ئەزموونی شێخ مەحموودی حەفیدەوە تا شۆرشی بارزان ، وشەی سیاسی کوردی ، مۆرکێکی ئایینداری وەرگرتبوو .

**لەو ڕەوشەدا شێخ مەحموود یەکەم ڕۆژنامەی شۆڕشگێری لە ناو ئەشکەوت بە ناوی( بانگی هەق) دەرکرد . لە یەکەم ژمارەدا -١٩٢٣ چەند وشەی ناو شۆڕشی زیندووکردەوە وەك :" غیرەت ، مروەت ، ئۆردو ، قوماندار ، میللی ، عەزم ،**


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئیمانی تەواو .." ئەو وشە و هەڵوێستانەی شێخ مەحموود پشتئەستوور بووە بە " پشتیوانی خودا " و " ڕوحانیەتی حەزرەتی فەخری کائینات " ، دوای ئەوەی حیزبی کوردی لە شار و شاخ دروست بوو ، کۆتایی وتارەکەی هەرگیز بە پشتیوانی خودا و ڕوحانیەتی حەزرەت نەبوو ، چونکە بووە هەڵگری ئایدیۆلۆژیەك دوور بوو لە دین!**

**هەر پێش حیزبی کوردی ، ئەوە حکومەتەکەی قازی موحەمەد بوو ، وشەی وەك " پێشمەرگە ، ژەنیراڵ ، سەرۆك کۆمار..هێنایە ناو فەرهەنگی کوردی . هەروەها لە ڕاپەڕینەکانی بارزان ١٩٣٠-١٩٤٥ ئەوە ئەحمەد بارزانی بوو وشەی( جاشپۆلیس)ی هێنایە ناو وشەی حیزبی کوردی .**

سەرباسی دووەم ، حیزبی کوردی و بە سیاسی کردنی لێکسیمی کوردی

بە سیاسیککردنی لێکسیمی کوردی پەیوەستە بە ئایدیۆلۆژیای چەپی کوردی.دروستبوونی حیزبی کوردی (سەرخان)ێکی ئایدیۆلۆژی لێکەوتەوە، **ستالین لە ل٨-٩ نامیلکەی مارکسیزم و زانستی زمان( چاپکراوی ئۆرگانەکانی یەکێتی ) دەنووسێت : " ژێرخانی ڕژێمی دەرەبەگایەتی سەرخانی خۆی هەیە ، ژێرخانی ڕژێمی سەرمایەداری سەرخانی خۆی هەیە هەروەها ژێرخانی ڕژێمی سۆشیالیستیش سەرخانی خۆی هەیە ."**

**هەروەها لە ل٩ دەڵێت :خۆ ئەگەر هات ژێرخان گۆڕا ، سەرخانیش دەگۆڕێ ."**

**هەندێ وشەی کۆنی کوردی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییە بوون لە ژێرخانی کۆمەڵگای کوردی .**

**جۆزێف ستالین لە نامیلکەی( مارکسیزم و زانستی زمان) ئەوها باسی ڕەوشی زمان لە ماوەی ١٩١٧-١٩٤٧ کۆمەڵگای ڕووسی دەکات : " بڕوانە کۆمەڵگەی ڕووسی و زمانی ڕووسی : کە چۆن لەم سی ساڵەی دواییدا ژێرخانی کۆنی سەرمایەداری بەند و ڕاوەستاو بوو ئەویش لابرا و لە جێ ی ئەو سەرخانێکی نوێ ی هاوشان و جووت لەگەڵ ژێرخانی سۆشیالیستدا هێنرایە گۆڕێ ---ل٩ ئەوەی تا ڕادەیەك گۆڕانی بەسەردا هاتیێ پێکهاتنی فەرهەنگی زمانی ڕووسیە—ل٩ ." گۆڕینی ژێرخان کۆمەڵگا ، سەرخانێکی ئایدیۆلۆژی و زمانەوانی دەبێت ، ئەوەتە**

**ستالین لە ل٩-١٠ی نامیلکەکەی بە شانازیەوە باس لە( شۆرشی بەلشەفی-١٩١٧) دەکات لە گۆڕانکاری لە وشەی ڕووسیدا و دەنووسێت : " لە دوای شۆڕش ژمارەیەك ووشە و دەربڕینی نوێ هاتوونەتە گۆڕێ و فەرهەنگەکەیان پتر دەوڵەمەند کردووە . ئەمە جگە لەو پێشکەوتنەی کە تەکنیك و زانست وە دەستیان هێناوە ، سەرباری ئەمانەش هەمووی واتای زۆری ووشە و دەربڕینە کۆنەکان گۆڕاون و ئێستە مانای نوێ دەبەخشن و کۆمەڵە ووشەیەکی زۆریش لە نێو فەرهەنگدا سڕاونەتەوە ."**

**بە حوکمی ئەوەی حیزبی وەك (ڕزگاری ) و (شۆڕش) و بەشێك لە (هیوا) موردی ئایدیۆلۆژی ستالین بوون . ئەو سێ حیزبە لە (پارتی ) درێژەیان بە خەباتی ئایدیۆلۆژی دا.**

**لە (پارتی ١٩٤٦)ەوە هەتا (گۆڕان٢٠٠٩) ژمارەیەك وشەی سیاسی و بە سیاسیکردنی وشەی کوردیان هێنایە ناو فەرهەنگی کوردی . وشە کۆنەکان بە جۆرێك گۆڕدراون و واتای نوێیان وەرگرتووە دەڵێی وشەی ترن.**

**لە ماوەی ٣٠ی ساڵی نێوان ١٩٦١ -١٩٩١ هەندێ گۆڕانکاری گەورە لە وشەی کوردی ڕوویدا هەروەها لە شاخ دیاردەیەك دروست بوو ، وشەی ( میری ، حکومەت ) لە شاخ گۆڕدران بوونە وشەی ( ڕژێم ) . وشەی( ڕژێم )هیچ کۆنۆتێشنێکی خراپی نییە، بۆ نموونە لە قامووسی ئۆکسفۆرد ، ل ١٢٦١ دەربارەی وشەکە هاتووە :" ١.میتۆد یا سیستەمی حکومەت بە تایبەتی ئەوەی لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی پڕ دادگەری نەهاتبێتە سەر حوکم وەك حکومەتی**



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

فاشستی ، عەسکەرتاریەت ۲. میتۆد یا سیستەمی ڕێکخراوێك وەك ڕژێمی باج یەکێ لە ڕژێمە پەسندەکانە لە ئەوروپا.۳.سیستەمی دایەتری ( پارێز لە خواردن)" هەروەها قەرەداغی لە ل۸۰٤ی فەرهەنگی (ئازادی) دەربارەی واتای وشەکە دەنووسێت ۱.ڕژێم " فەرمانڕەوایی ، شێوەی فەرمانڕەوایی ۲.پارێز –تەندروستی -."

هەر چۆنێك بێت کوردی دامودەزگای شار وشەی ( میری ) بەکاردەهێنا هەرچی کوردی ناو شۆرش بوو ، وشەکەی دەگۆڕی بە وشەی ( ڕژێم ) بە واتای هەردوو وشەکە بە سیاسی کرابوون ، هەردوو لە ناو پاوانی حکومەت و شۆرش ببوونە هەڵگری تابوو –میری لە شاخ " ڕژێم لەناو حکومەت!

بە حوکمی ئەوەی زۆربەی باشووری کوردستان شاخاویە ، شاخەکانیش بۆ شۆرشگێران بوونە پەناگە ، بۆیە خودی وشەی ( شاخ ) واتا جیوگرافیەکەی خۆی لە دەست دا و واتایەکی سیاسی پێبەخشرا وەك شیعری شاخ ، ئەدەبیاتی شاخ ...ئەو واتا گۆڕینەی وشە لە شار قەدەغە بوو چۆن وشەی ڕژێم لە شار قەدەغە بوو .

جگە لە وشەی ڕژێم و شاخ و...لەو سی ساڵە دا ڕۆشنفکر و زمانەوانانی ناو شۆرش هەندێ وشەی کۆنیان بە سیاسی کرد لەوانە ( لق ، ناوچە ، سەرپەل ، شانە ، کادیر ، مەڵبەند ، کۆمیتە... ).

زۆرێك لەو وشانە لە نێو حیزبی کوردیدا دووچاری( تەشەنەکردنی واتا ) و (تەسککردنەوەی واتا ) و ( واتای پۆزەتیف ) و ( واتای نێگەتیڤ ) بوونەتەوە .

. لەوەش زیاتر هەندێ وشە بوونە شوناسی حیزبی تایبەت

جگە لە وشەی ( لق ، ناوچە ، کادیر ..) وشەی وەك ( هەرەس ) یا ( نسکۆ ) پانتایەکی گەورەیان لە ئەدەبیاتی حیزبیی پارتی دیموکراتی کوردستان گرتەوە .

دوای ۱۹۷۵ چەندان زاراوەی تر دروست بوون ، کە بوونە شوناسی چەپی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان ، لەوانە :

۱.چەمکی (عیراقیبوون) و (کوردستانیبوون)

کۆمەڵەی مارکسی-لینینی لە هەناوی ساڵی یەکەمی دانوستاندنی ۱۹۷۰-۱۹۷٤ دروست بوو بە تایبەتی لە حوزەیرانی ۱۹۷۰ لە مارکسیەکانی ناو باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی کە بە باڵی جەلالی ناسرابوو . بە پێی قسەکانی برایم جەلال و پشکۆ و مەلا بەختیار هەر لە سێ ساڵی یەکەمدا ، کێشەی زاراوەی ئایدیۆلۆژی لە دایك بوو . هەردوو چەمکی عێراقیبوون و کوردستانیبوون لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵە بەدەر کەوت . عیاقیبوون هەڵگری ئایدیۆلۆژیای ئوممەمی ( شیوعیبوون ) بوو ، هەرچی چەمکی کوردستانیبوون بوو ( شیوعیەتی لۆکالیبوون ) بوو ، کەواتە هەردوو زاراوەکە هەڵگری ئایدیۆلۆژیای چەپی بوون. گۆڤاری لڤین ، ژ.۲۹۳ ، لە برایم جەلال دەگوازێتەوە کە ململانێی نێوان عیراقچیەکان و ئاراستەی کوردستابوونی کۆمەڵە دوو ساڵی خایاندووە و لە مایسی ۱۹۷۳ لایەنگرانی بیری عیراقیبوون لە کۆمەڵە چوونەتە دەرەوە ." پاش لە سێدارەدانی سەرکردایەتی زیندان کە بریتی بوون لە شەهاب ، جەعفەر ، ئەنوەر زۆراب ، سەرکردایەتی کۆمەڵە لە ۸ی شوباتی ۱۹۷٦ کەوتە دەست باڵی عیراقچیەکان کە بریتیبوون لە ئارام و سالار عەزیز و مەلا بەختیار –( ل۸ ، گۆڤاری لڤین).

۲.ئاشبەتاڵ



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

هەردوو ئەزموونی شاخ چ تاك –حیزبی بێ چ فرە-حیزبی بە دوو وشە کۆتایی هات : وشەی ( ئاشبەتاڵ ) کە هەڵگری تابۆیە ، بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی پارتی وەریسی شۆرشی ئەیلول لە تابۆ قەدەغەکراوەکان بوو . پێشتر بۆ کۆتاییهاتنی هیچ بزاڤێکی کوردی لە بەدرخانەوە هەتا ڕاپەڕینی بارزانی ١٩٤٥ بەکارنەهاتووە ، هەر تەنیا ( پەرتەیان لێکرد ) ( پایدۆزیان کرد ) ، وشەی ئاشبەتاڵکردن هیچ پەیوەندی بە سیاسەتەوە نەبوو ، بەڵکو تایبەت بوو بە ( ئاش ) و ( ئاشەوان ) ، لە دوای کارەساتی جەرگبڕی ١٩٧٥ ، کۆمەڵەی مارکسی لینینی شۆرشی ئەیلولی بە ( ئاش ) شوبهاند و کەسی مەلا مستەفای بارزانیشی بە ( ئاشەوان )!

لەناو خەڵکی شارەکانیش ، ڕژێمی بەعس وشەی عەرەبی (عایدون-عائدون )ی بۆ ئەو خەڵکانە بەکاردەهێنا کە بەشداری شۆرشی ئەیلولیان کردبوو

**٣. وشەی ژن**

وشەی ( ژن ) یەکێك لەو زاراوانە بوو کە لە بەرانبەر وشەی ( ئافرەت ) بەکارهات . دکتۆر فاروق٢٠١٥ لە ل٨٨ لە زمانی ڕوسیدا دەگوازێتەوە وشەی ( ژن ) " ڕەچەڵەکی وشەی ( ژنا = ژن وەك هاوسەر ) ، ژێنشینا = ژن بەگشتی واتە ئافرەت ) دەڵێن : وشەی ژنا تایبەتە بە زمانە هند و ئەوروپاێکان ، لە بنجدا لە ڕەگێکی کۆن سازبووە و کە واتای ( ئەو کەسەی منداڵی دەبێت )ی گەیاندووە." لە ل٨٩ دا وشەکە لە لاتینیش واتای منداڵبوون و زان ی گەیاندووە." دکتۆر فاروق لە هەمان لاپەڕەدا ڕای کۆمەڵگای کوردی دەربارەی وشەی ( ژن ) دەنووسێت : " بەم جۆرە وشەی ( ژن )...ئەو کەسەی گەیاندووە کە منداڵی بووە ، واتە ئەو کەسەی کە بەهۆی ئەوەوە و لە ئەنجامی زاوزێوە ( بە فەرمانی خوای گەورە ) گیان کراوە بە بەریا و هاتۆتە ژیانەوە ." هەمان هەڵەی وشەکاری یەکێتی لە پەکەکەوە دووبارە بۆتەوە ، چونکە کچەکانی پەکەکە –پەیەدە کچی شوونەکردوون ، جا چۆن دەبن بە ژن ؟

وشەی وەك ( ڕەوەند ، هەنووکە ، ڕەوش ، دۆز ، پرس ، هەرێم ، پاوان ، گەندەڵ ، گەندەڵی ، هەڤدژ ،.....................) واتایەکی حوکەمەتداریان پێدرا و هەرچی وشەی هەناوی گوندایەتین وەك ( جۆخین -خەرمان، جەنجەر ، پەرێز ، ئاقار ......) لە زاکیرەی تاکی کورد و نەوەی ڕاپەڕینی ١٩٩١ زیاتر دوورخرانەوە .

جگە لە وشە بلاۆەکانی شۆرشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ و شۆرشی نوێ ١٩٧٦-١٩٨٨ ، وشەی تر بە ڕاستی بوونە شوناسی هەر یەك لە (پارتی ) و (یەکێتی ) و ( گۆڕان):

یەکەم ، وشە بە سیاسیەکراوەکانی پارتی

پارتی دەورێکی سەرەکی لە دروستکردنی گۆڕانی سیمانتیکی وشە ، دروستککردنی واتایەکی دی جیا لە واتای کۆن. وشەی وەك (لق) و (ناوچە) و (کادیر)...

لق

وشەی (لق) لە کەلتووری کوردی پەیوەستە بە دار و درەخت. هەر یەك لە هەژار موکریانی و شەفیق قەزاز و شەوکەت مەلا ئیسماعیل لە ناو شۆڕشی ئەیلول کەسانی دیار بوون . لە فەرهەنگەکانیان واتایەکی سەربازی بۆ وشەی (لق)


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دەنووسن نەك سیاسی .هەژار موکریانی لە ل٧٥٧ ی هەنبانە بۆرینە دەربارەی وشەی (لق ) دەنووسێت:" قۆڵەی لەشکر کە دەکاتە سێ یەکی هێز." هەرچی دکتۆر شەفیق قەزازە لە ل٤٩٥ دەربارەی وشەکە دەنووسێت:" بەتالیۆن، پەل" شەوکەت مەلا ئیسماعیل لە ل١٥٦٣ی فەرهەنگی مامۆستا دەنووسێت : وشەی لق بە واتای قۆڵەی لەشکر ، سریە" دێت.

بەڵام واتای سیاسی وشەکە دوورە لە واتا سەربازیەکە ، ئێستاش وشەکە زیاتر لە بواری سیاسی بەکاردێت نەك سەربازی . واتای سیاسی وشەکەش دامودەزگای حیزبی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ە کە نزیکە لە کاری ڕێکخستن.

دووەم ،وشە بە سیاسیەکراوەکانی یەکێتی

مەڵبەند

مەڵبەند وەك وشەی (لق)واتای سەربازی نییە . وشەکە واتای سیاسی هەیە . (یەکێتی) بۆ ئەوەی خۆی لە وشەی (لق) دوور بگرێت. هەژار موکریانی لە ل٨٣٢ هیچ واتایەکی سیاسی وشەکە ناخاتەڕوو. هەرچی شەفیق قەزازە لە ل٢٢٤ بە واتای " پەنا" دێت. هەرچی شەوکەت مەلا ئیسماعیل –ە لە ل١٥٩٣ دەربارەی واتای سیاسی :" ناوچە ، ئاقار ، جێگە". ئەو فەرهەنگانە واتای سیاسی وشەکە ناخانەڕوو ، چونکە وشەی( مەڵبەند) وەك وشەی( لق ) بریتییە لە دامودەزگایەکی ڕێکخستنی دەڤەرێك .

سێیەم ،وشە بە سیاسیکراوەکانی گۆڕان

گۆڕان کۆمەڵێك وشەی کوردی بە سیاسی کرد وەك وشەی ( هەڵسوڕاو ) ، ( مەکۆ ) ، (بازنە ) ، ( جڤاتی نیشتیمانی)....ئەو وشانە لە کۆنگرەی یەکەم بڕیاری لە سەر درا . لەو هەموو وشەیە دوو وشە وەردەگرین:

هەڵسوڕاو

هەژار موکریانی کە دە ساڵ زیاتر دوای گیوی موکریانی مردووە ، چەند شێوەیەکی –فۆڕمێکی وشەکەی بەکارهێناوە . هەژار لە ل٩٩٣ ی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە دەنووسێت : " هەڵسووڕ :خول خواردن ، بزووتن : خەریکی هەڵسووڕ داسووڕە ....هەڵسووڕان : سووڕان ، خولانەوە ، بزووتن " هەڵسووڕاندن : خولدان (تاولەمەی هەڵسووڕاند) " هەڵسووڕاو : خولدراو ، مرۆی بەکار و تێکۆشەر ( پیاوێکی هەڵسووڕاوە)" هەڵسووڕیان : هەڵسووڕان " هەڵسووڕێن : کەسێ کە خول بە شتێ دەدا ، بریتی لە کار پێکهێنەر ( مام حەسەن کاروباری ئاغا هەڵدەسووڕێنێ ."

دکتۆر شەفیق قەزاز٢٠٠٠ لە ل٥٨٦ باسی هەرسێ وشەی ( هەڵسووڕان-هەڵسووڕاندن ) و ( هەڵسووڕاو ) و (هەڵسووڕێنەر ) دەکات لە باسی وشەی هەڵسووڕاو بە ئینگلیزی واتاکەی بۆ بیانی و ئینگلیزیزانانی کورد دەنووسێت :" بەڕێوەبردنی بزنیسێك ، سەرکردایتیکردن ، جێبەجێکردن ، بەکردارەکی کردن " هەڵسووڕاو لای قەزاز ئاوەڵناوە ، ناوەکەی بریتییە لە ( هەڵسووڕێنەر ) کە یەکێ لە واتاکانی ( کارگێڕ)-ە ، لە ئینگلیزیەکەش : پلاندانەر و بەرپرس – کاربەدەست دانراوە ."

شەوکەتی مەلا ئیسماعیل ٢٠٠٩ لە ل١٦٤٦ ی فەرهەنگی مامۆستا دوو واتای لە وشەی هەڵسووڕاندن خستۆتەڕوو ١.بەڕێوەبردن ٢.پەیداکردن،هێنانەبەردەست ، پێ دان ( شتێ بە کەسێ )


e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

(ڕ ) (ا ) (و) وەك وشە واتایەکی جیای هەیە لە ( نەچیر–نێچیر ) و (ڕاوشکار) ، بەڵکو وەك گیو لە ل٤٨١ ی فەرهەنگی کوردستان دەربارەی ئەم واتایە دەنووسێت : " ڕاو دەردێکە لە کاتی زانێدا لە ژنان پەیدا دەبێ ، هەر ژنێ چرچ دەبێ " هەروەها بە واتای " فیڵ ، تەڵەکە ، کەڵك ، ریو " دێت " جگەرسۆز پێندرۆیی لە ل٢٣٥ی فەرهەنگی کانی ئاماژەی بەو جۆرە نەخۆشیە کردووە کە لە بەهدینی بە شێوەی (راڤ) بە واتای" پەڵەی ڕەش لە پێست " ، دێت .

هەڵسوڕاو لە چاوگی هەڵسوڕان-دن ، ڕاپەڕاندن وەرگیراوە . بە پێی سیمانتیك و مۆرفۆلۆژی وشەکە دەلالەت لە بکەربوون ناکات بەڵکو بەرکاربوون . ڕاو وەك دوو مۆرفیمی جیا بەکاردێت : وەك مۆرفیمی سەربەخۆ : خاڵ لە ل٢١٦ دا دوو واتای سەربەخۆ دەدات یەك ، هەوڵدان بۆ گرتن یا کوشتنی گیاندارێك کە گۆشتی بخورێ لە دەشت یا لە ئاودا . دوو ،فیڵ و تەڵەکە." دەربارەی واتای مۆرفیمی بەند-ی ، دکتۆر ئەورەحمانی حاجی مارف لە کتێبی وشەرۆنان لە زمانی کوردیدا ئاماژە بەو مۆرفیمە ناکات هەروەها لە ل٣٥-٣٨ ی کتێبی فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی ئاماژە بەم پاشگرە یا مۆرفیمە ناکات، ناوخۆش لە ل ٧٧ی کتێبی فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش دەنووسێت : " پرۆسەی دارشتنی وشەی تاك بە یاریدەدەری پاشگرەوە واتایەکی زۆر بە وشە دارێژراوەکە دەبەخشێت چونکە خودی پاشگرەکە لەوانەیە تەنیا واتایەکی نەبێت." لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا پاشگری " -ڕاو" ئەو پاشگرەیە فرە-واتا بێت؟!

لەلایەکی تر ڕای زمانەوانی لە لای پرۆفیسۆری کوردی هەیە :

یەکەم ، پرۆفیسۆر دکتۆر ڕەفیق شوانی ٢٠٠٨ لە ل٧٢ی یەکەم ماستەرنامەی بەشی کوردی بە نێوی ئەو وشانەی لە چاوگەوە وەردەگیرێن دەڵێت لە ڕووی دارشتنەوە چاوگ بەسەرچاوەی وشە رۆنان دادەنرێت وەك ناوی بکەر ، ناوی بەرکار ، ناوی چاوگ..." لەنەزەر دکتۆر شوانی فۆرمی وەك سوتێنراو ، تاشراو ، کرراو ، درڕاو بریتین ناوی بەرکاری دارژاون." لە ل ١١٢ پێناسەی ناوی بەرکار ئاوا دەکات : " ناوێکی گشتییە لە چاوگەوە وەردەگیرێ و بکەرەکەی تێدا بەدی ناکرێت و ڕووداوەکەی دەکەوێتە سەر و بەهۆی واتا و بەردەوامی کردەوە کەوتووەکەی سەری ، بۆی بۆتە سیفەت و دۆخێکی – حاڵەتێکی- هەمیشەیی ، کەس و کاتیانیشی تێدا نییە ." لە لای دکتۆر شوانی ناوی بەرکاری دارژاو دوو بنەواشەی هەیە چاوگی وەك کوژران ، سوتان ، خنکان بەلابردنی نوونی چاوگ دەبنە کوژرا ، سوتا ، خنکا ،..." ئەم فۆرمە نوێیەبریتین لە کرداری ڕابردوو وەك ئازاد کوژرا ، سوتا ، خنکا . بە هۆی پاشگری –را-نادیارێوە دەکرێ بە تێنەپەر هەروەها –و-ی بەرکار بەمجۆرە ناوی بەرکاری دارژاو دروست دەبێت :

١. کوژ+را+و : کوژراو " برد+را+و=بردراو

٢.در+را+و =درڕاو

لەنەزەر دیتنی شوانی دەکرێ بڵێین وشەی ( هەڵسووڕاو ) لە پێشگری (هەڵ) +س (و) +پاشگری ( ڕاو) نەهاتووە ، بەڵکو لە چاوگی هەڵسان + و (بەرکاری ) +را+و هاتووە .

ئەوان بە کارێك هەڵسان : ڕستەیەکی بەربلاوی کوردیە ، بیرۆکەی ( هەڵسووڕاو)یش لای بزوتنەوەی گۆڕان ، تێکۆشەرێکی کارایە . ئەو قسەی گۆڕان ئەوکاتە دروست دەبوو کە وشەی هەڵسووڕاو ناوی بکەری دارژاو بووایە ، بەڵام بە شرۆڤەی دکتۆر شوانی ناوی بەرکاری دارژاوە ، بە واتای ئیشی لە سەر دەکرێت و ئاراستە دەکرێت ، نەك خەڵك ئاراستە بکات!



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

دووەم ، پرۆفیسۆر دکتۆر عەبدوڵلا حوسێن ئامادە نییە ئەم فۆرمە بە ناو ناوزەد بکات .دکتۆر عەبدوڵلا ٢٠١٤ لە ل ١٣٢ ی کتێبی مۆرفیمە ڕێزمانیەکانی کار بۆ یەکخستنی زاراوەکانی ئەم بوارە وەك ناوی بکەر ، ناوی بەرکار ، ناوی کرپاو ، ئاوەڵناوی بکەر ، ئاوەڵناوی بەرکار ..زاراوەی ئاوەڵناوی کراو هەڵدەبژێرێت ." دکتۆر شوانیش بەبێ ئەوەی دەرکێ پێبکات ناوی بەرکار بە ئاوەڵناو داناوە وەك لە ل١١٢ دەنووسێت: ...بەهۆی واتا و بەردەوامی کردەوە کەوتووەکەی سەری بۆتە سیفەت و دۆخێکی هەمیشەیی...

دکتۆر عەبدوڵلا لە ل١٣٣ ڕایەکی موتڵەق دەربارەی ئەم فۆرمە دەدا و دەنووسێ ئەم فۆرمانە ئاوەڵناون و هەرگیز ناو نین ، چونکە وەکو ئاوەڵناوەکان ئەتوانن ، لە دوای ناوەکان بێن و ببنە دیارخەریان ، یان لە شوێنی ئەوان بێن :

- نامەی کۆن ناخوێنمەوە.
- نامەی دڕاو ناخوێنمەوە.

هەر لە هەمان لاپەڕەدا ئەم فۆرمانەی خوارەوە :

-سوتێنراو ، خنکێنراو ، کوژراو ، نوسراو ، کڕراو وەك ئاوەڵناوی کراو کە کاری بە سەر هێنرابێ دەهێنێتەوە."

هەر لە ل١٣٣ ی کتێبەکەی سەرەوە ئاماژە بە پێکهاتەی ئاوەڵناوی کراو دەکات : " ئاوەڵناوی کراو چ کاری بە سەر هاتبێ وەك سوتاو " کاری بە سەر هێنرابێ وەك کڕراو " یا کاری بەسەر خۆیدا هێنابێ وەك هاتو...کارەکە لە ڕابردودا ڕویداوە ، بۆیە فۆرمی بکەرنادیاری بە ڕاستتر ئەزانین : ڕەگی کار +مۆرفیمی بکەرنادیار ( ر)+ مۆرفیمی کاتی رابردو (ا)+مۆرفیمی ئاوەڵناوی کراو (و)= زاراوەکە ئەبێتە ئاوەڵناوی کراو ."

سێیەم ، ئەندازیاری زمانەوان پرۆفیسۆر شێرکۆ بابان ٢٠١٤لە ل ١٧-١٨ی کتێبی (بەرەو ڕێزمانی ئاوەڵناو) لە ژێر سەردێری ئاوەڵناوی کاری دەنووسێت : " ئاوەڵناوی کاری بریتیە لە ئەو ئاوەڵناوانەی کە بنجی کارێك هەڵدەگرن و بەرەسەن دەگەنەوە بە ئەو کارەی کە لە سەری ڕۆنراون....سەبارەت بە بۆچوونی ئێمە ، هەموو ئەو ناوانە بە ناوی بکەر دەناسین بە ڕێزمان ، هەرچەندە هەندێکیان بە بەرکار لێك دەدرێتەوە لە واتاسازیدا ....سەبارەت بە ناوی (سوتێنراو) و( نووسراو)، هەرچەندە بە واتا لە بەرکار بچن ، بەلاّم بە ڕستەسازی بریتین لە (جێگری بکەر) ، چونکە لە ژێر ڕکێفی ڕێزمانی بکەرنادیاردان ."

لە ساڵی ١٩٩٥ لە ماستەرنامەکەمدا باسم لەوە کردووە کە چ ناو یا ئاوەڵناو لە پێش ناو دێن لە ئینگلیزیدا هەروەها ناو یا ئاوەڵناو لە دوای ناوی سەرە دێن لە زمانی کوردیدا :

The gold ring , the golden ring -

-The stonewall , the stony wall

لە کوردیش نموونەی :

خانووی قوڕ –خانووی قوڕین " ئەنگوستیلەی زێڕ –ئەنگوستیلەی زێڕین " دیواری بەرد –دیواری –بەردین –م هێناوە ، کەواتە ئاوەڵناوی کراو دەشێت لە ڕووی فۆڕمەوە ناو یان ئاوەڵناو بێت هەروەها ئەوسا بۆ ئەو جۆرە فۆرمانە ئاوەڵناو-ئاسا –م بەکارهێنا .

وشەی هەڵسووڕاو بە دیتنی دکتۆر عەبدوڵلا لەو ئاوەڵناوە کراوانەیە کە کاری بە سەر هێنرابێ ، لەلای دکتۆر شێرکۆش جێگری بکەرە!



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

لە نەزەر بەندە وشەی هەڵسووڕاو وشەیەکی ئاوەڵناو ئاسایە و بکەر نادیاری ژێر قورسایی کارە هەروەها لەو فۆڕمانایە کە کاری بە سەردا هێنرابێ نەك خۆی بکەر بێت .

**مەکۆ**

ڕای فەرهەنگنووسانی کورد لە بارەی وشەی (مەکۆ )

١.فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە

زۆربەی ئەم وشە نوێیانەی بزووتنەوەی گۆڕان لە فەرهەنگی هەنبانەبۆرینە هەن و لەوانەیە هەر لەو وەرگیرا بن . هەژار موکریانی کە لە شوباتی ١٩٩٠ مرد ، دەرکەوتنی فەرهەنگەکەی لە سەردەمی حوکمڕانی کوردیدالە باشوور ، بە یەکەم فەرهەنگی سەردەمی ئەم فەرمانڕەواییە دادەنرێت.

هەژار موکریانی دەربارەی وشەی ( مەکۆ ) لە ل٨٣١ی فەرهەنگەکەی دەنووسێت :" مەکۆ :١.جێگەی کۆبوونەوەی خەڵك "٢.جێگەی بە سەریەکاکراوی شت ، کۆ ، کۆگا " ٣. ماکوو ، مەکوو " لە ل٧٩٣ی هەمان فەرهەنگ دەربارەی واتای ( ماکوو) دەنووسێت :"جێگەی ماسولکە لە ئامرازی جۆلاّیی دا "

هەژار واتایەکی کۆنی وشەکەی هێشتۆتەوە ، بەلاّم لە واتای دووەمدا ( حەشارگەی دزانی ) گۆڕیوە بە ( جێگەی کۆبوونەوەی خەڵك )، نەوەی نویٚ تەنیا ئاشنایە بە واتا نوێیەکەی وشەکە، نەك واتا کۆنەکە، بە واتای نەوەی نویٚ وادەزانی تەنیا وشەکە ئەلتەرناتیڤی لق و مەڵبەندە هیچی تر ،

٢.فەرهەنگی شارەزوور

دکتۆر شەفیق قەزاز ماوەیەك دبلۆماتکارێکی بوو بە تایبەتی لە شۆرشی ئەیلول هەروەها ماوەیەکیش وەزیر بوو لە حکومەتی کوردی . لە ئەکادیمیای کوردی –کۆڕی کۆن – زۆر ئیشی لە سەر فەرهەنگی نەتەوە دەکرد . لە ئیتۆمۆلۆژیای و واتای وشەی کوردی زۆر وردە ، فەرهەنگی شارەزوور و لەگەڵ فەرهەنگی کارگێڕی بەشێك لە هەوڵە زمانەوانیەکانی دکتۆر شەفیقن.

شەفیق قەزاز لە ل٥٣٢ی فەرهەنگی شارەزوور چەند واتایەك بۆ وشەی ( مەکۆ )دادەنێت : ١.حەشارگە، حەشارگەی دزان ، حەشارگەی کاری پیس و خراپ .

٢.کەمین ، بۆسە ."

٣.فەرهەنگی مامۆستا

لە ساڵی٢٠٠٩ دەزگای تەفسیر لە هەولێر یەکەم چاپی فەرهەنگی( مامۆستا)ی بۆ شەوکەت مەلا ئیسماعیل بلاّوکردەوە . شەوکەت فەرهەنگنوسێکی شرۆڤەکاری وشەی ئینگلیزی و کوردیە لە هەشتاکانەوە بەرهەمی فەرهەنگی هەیە . لە ل١٥٩٢ی فەرهەنگی مامۆستا دەربارەی وشەی ( مەکۆ ) تەنها وشەی (نهێنی ) بۆ پێناسەکەی هەژار زیاد دەکات و دەنووسێت : " جێگەی نهێنی کۆبوونەوەی خەڵك ".

هەر سێ وشەی (لق) ، (مەڵبەند) ، ( مەکۆ ) هەمان واتای سیاسی دەبەخشن ، بەلاّم شوناسن بۆ (پارتی و یەکێتی و گۆڕان).



کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

## Abstract

Linguistic Ideology is the mixing political thought with the question of ‘ language’. The lexeme in this linguistics affected by political thought. Kurdish society until ‘ September revolution -11th sep.1961’ was the feudal society . It was not easy to accept the leftist ideology .

The main target of this paper is to indicate that some Kurdish lexemes have the political meaning. The researcher is quite certain that some Kurdish lexemes have this meaning but thus meaning are excluded in Kurdish dictionaries published before 1991th uprising . They only tackled cultural meaning of the lexemes because they were published during non-kurdish authorities . Most of the dictionaries published after uprising include semantic and political meanings .

This is really just the step to enrich Kurdish dictionaries. The 2nd part of the research deals with the process of the politicizing the Kurdish lexemes . The politicizing lexemes like ‘ liq –branch , ‘ melband –centre and ‘ meko –gathering place is engaged with the extension of meaning .

The idea of mixing ‘ language’ with ‘ political ideology ‘ actually means to impose the principles of the Kurdish parties in the mountain .This( the hegemony of ideology ) led to some lexemes have their codes.

To sum up one can conclude that such political lexemes undergo the semantic processes ‘ widening and narrowing ‘ meaning.




کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**ئەنجام**

**توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە ، لەوانە**

**١.زمانەوانی ئایدیۆلۆژی پەیوەندی بە ئایدیۆلۆژی چەپڕەوی هەیە.**

**٢.ئایدیۆلۆژی چەپڕەویش پەیوەندی بە حوکمرانی کۆمۆنیستی وەیە ، زۆربەی حیزبی ئایدیۆلۆژی کوردی ملکەچی حوکمرانی سۆڤیەتی یا چین بووە.**

**٣.بە سیاسیککردنی وشەی کوردی فەرهەنگی نەتەوە دەوڵەمەند دەکات هەروەها جۆرێك لە گۆڕانی سیمانتیکی دروست دەکات بەوەی وشەی بە سیاسیکراو دوو واتای فەرهەنگی و عەسکەری و سیاسی هەڵدەگرێت.**

**٤.هەموو وشە بە سیاسیکراوەکان بە پرۆسەی فراوانکردنی واتا و تەشەنەکردنی واتا و تەسکردنی واتا...تێ دەپەڕن.**

**٥.هەر یەك لە حیزبی ( پارتی ) و ( یەکێتی ) و (گۆڕان) دەورێکی سەرەکیان هەیە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی.**

**٦.وشەکانی پارتی و یەکێتی نزیکن لە وشەی (گوندی) هەرچی وشەکانی (بزووتنەوەی گۆڕان)ە وشەی (شار)ین گوزارشت لە قۆناغی شاربوون و حوکمرانی شاریی دەکەن.**


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

ژێدەر

سەرچاوەکان بە پێی سیستەمی هارڤارد ڕیزکراون

أ.بە زمانی کوردی


-بابان ، شێرکۆ (٢٠١٤). بەرەو ڕێزمانی ئاوەڵناو ، هەولێر : چاپخانەی منارە.

- بەکر ، سەلام (٢٠١٤) . فەرهەنگی زمانەوانی ناوخۆش ، هەولێر : چاپخانەی هیڤی.

بۆرەکەیی ، صەدیق ( ١٣٨٤) . مێژووی وێژەی کوردی ، هەولێر : چاپخانەی ئاراس.

-چۆمسکی ، نوام (٢٠١٣). زمانناسی دیکارتی ، و.غەفوور ، م ، هەولێر : چاپخانەی موکریانی.

-حاجی مارف، ئەورەحمان (٢٠١٤). وشەڕۆنان لە زمانی کوردیدا .چ٢، هەولێر : چاپخانەی رۆژهەلاّت.

-حاجی مارف ، ئەورەحمان (٢٠١٤). فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی .چ٢، هەولێر:چاپخانەی ڕۆژهەلاّت.

-حسێن ، عبداللە (٢٠١٤) . مۆرفیمەکانی ڕێزمانی کار ، هەولێر : چاپخانەی رۆژهەلاّت.

-خاڵ ، شێخ موحەمەد (٢٠٠٥) ، فەرهەنگی خاڵ ، چ٢، هەولێر: چاپخانەی ئاراس ئاراس.

-دزەیی ، عبدالواحد (٢٠١١) ، لێکسیکۆلۆجی ، هەولێر : چاپخانەی رۆژهەلاّت.

-ستالین ، جۆزیف (١٩٨٤) . مارکسیزم و زانستی زمان. و.بژار ،لە بلاّوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

-شارەزووری ، شەفیق (٢٠٠٠) ، فەرهەنگی شارەزوور ، هەولێر : چاپخانەی ئاراس ئاراس.

شوان ، ئیبراهیم ( ٢٠١٢). ئەدەبی کۆنی کوردی ، چ٢ ، هەولێر : چاپخانەی زانکۆی سلاحەدین.

-شوانی ، ڕەفیق (٢٠٠١) . چەند بابەتێکی زمان و ڕێزمان ، هەولێر : چاپخانەی ئاراس.

-شوانی ، ڕەفیق (٢٠٠٨) .ئەو وشانەی لە چاوگ وەردەگیرێن ، هەولێر : چاپخانەی رۆژهەلاّت.

شێخانی ، عبدالوهاب (٢٠١٣) . فەرهەنگی ڕەنگ . هەولێر : چاپخانەی رۆژهەلاّت.

-فەتاح،محمد معروف (٢٠١١). زمانەوانی .چ٣، هەولێر : چاپخانەی حاجی هاشم.

-

-قەرەداغی ، محمد (٢٠٠٦). فەرهەنگی ئازادی ، تەهران : نشر احسان.

-کەمریَ ،بێرنارد و ئەوانیدی (٢٠٠٧) . زمان ، و.قەرەداغی ، سلێمانی : چاپخانەی تیشك.

-مامە ، فەتاح ( ٢٠٠٧). لە بارەی زمانەوە ( دەستنووس ).

مەحوی ، محمد (٢٠٠١) ، زمان و زانستی زمان ، سلێمانی : تیشك.

-موحەمەد ، فاروق (٢٠١٥). ڕەسەنی وشە ، هەولێر : نارین.

-مودەرس ، عبدالکریم و محمدی مەلا کەریم ( ١٩٨٧). دیوانی نالی ، بەغدا.

-موکریانی ، هەژار(٢٠٠٣)،فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، تەهران : چاپخانەی سروش.

-موکریانی ، گیو (١٩٩٩) ، فەرهەنگی کوردستان، هەولێر :چاپخانەی ئاراس.

-مەلا ئیسماعیل ، شەوکەت (٢٠٠٩) ، فەرهەنگی مامۆستا ، هەولێر : تەفسیر.

-نەبەز ، جەمال ( ٢٠٠٤) . وشەنامەکی ، چاپی ئەلیکترۆنی ( هێشتا چاپنەکراوە).




e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)

**هۆزفات (٢٠٠١). ئەدیب و گزیری پۆلیس ، و. محمد هەریری ، هەولێر : تەفسیر.**
**گۆڤاری لڤین**
**-رۆژنامەی بانگی هەق**

**ب.بە زمانی عەرەبی**
**-البعلبكی ، رمزی (٢٠١٠). قاموس المورد الاكبر ، بیروت : دار العلم للملايين.**
**جودت ، هوشيار (٢٠١٠) .ذخائر التراث الكردي في بطرسبورغ ، اربيل : التفسير.**
**-الخولي، محمد ( ١٩٨٠). علم الدلالة،عمان ، دار الفلاح.**
**-علي ،محمد (٢٠٠٤).مدخل الى اللسانيات ،ليبيا : دار الكتاب.**

**-هادي ، قيس ( ١٩٧٩ ) ، الانسان المعاصر عند هربرت ماركيوز ، بيروت :** المؤسسه العربيه للدراسات والنشر
**- قاموس الاطلس الموسوعي.**

**ج. بە زمانی ئینگلیزی**
-Bakir , S (1995). Adjectival Sequence in English and Kurdish , Salahuddin University.
-Cameron , (1990). Environmental policy and politics , Google book.

Collins English Dictionary - Complete & Unabridged 2012 Digital Edition

-Crystal , D (1993 ). Dictionary of Language & language , Oxford : Blackwell.

-Grover , H (2000). Essential Introductory Linguistics, oxford : Blackwell.
- Kathryn , Woolard (1998) . Language Ideologies: Practice and Theory - Google Books, Oxford : Oxford press.
-Sklair , J (1985). Word formation , London .
-Stageberg , N (1981) . An Introductory English Grammar ,


کۆنفرانسی ( کاریگەری زمان و ئەدەب لەسەر بنیادی هزری و درێژەپێدانی زانستی)
e-ISSN (2522-7130) p-ISSN (2410-1036)